# شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆدابەشبوون و گۆڕانی
# پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە پارێزگای ( نەینەوا )

م.ی .بێستون احمد حسین          م.ی .علی حسن علی          م. محمد قادر رسول
زانكۆی ڕا پەڕین
كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان
بەشی جوگرافیا

## پێشەكی

پێكهاتەی نەتەوەیی یەكێكە لەبابەتە گرنگ و هەستیارەكانی بواری جوگرافیای سیاسی ، كە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیەو جێگەی سەرنج و بایەخ پێدان و توێژینەوەیە ، بۆیە پێویستە پێكهاتەی نەتەوەیی وگۆڕانكاریەكانی پێكهاتەی نەتەوەیی لەژمارەو ڕێژەو شوێنی نیشتەجێبونی هەر نەتەوەیەكدا زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، چونكە زۆر جار لەئەنجامی ڕوودانی گۆڕانكاری لەپێكهاتەی نەتەوەیی ناوچەیەكدا ڕێژەو ژمارەی نەتەوەیەك زیاد دەكات لەسەر حسابی نەتەوەیەكی تر، ئەمەش سەرئەنجام كۆمەڵێك كێشەو گیرو گرفتی سیاسی و نەتەوەیی و بەدوای خۆی دادەهێنێ كە چارەسەركردنیان گرانە بە تایبەت ئەگەر ئەو گۆڕانكاریانە لەپێكهاتەی نەتەوەیی ناوچەكەدا بەبەرنامە دارێژرابێ و مەبەستێكی تایبەتی لەپشتەوە بێ، پارێزگاری نەینەوا وەك یەكێك لەپارێزگاكانی عیراق لەڕووی پێكهاتەی نەتەوەیی و دینی جۆرەها نەتەوە دینی جیاوازی تێدایە وەكو كوردو عەرەب و توركمان و ئەرمەن و ئاشوری و كلدان و كوردی فەیلی .

مێژووی بوونی كورد لەم پارێزگایە لە هەموویان كۆنترە، هەروەك د. شاكر خصباك لەڕوانگەی جۆراو جۆری پێكهاتەی نەتەوەییەوە دەڵێت: (ئەم پارێزگایە لە مۆزەخانەیەكی ئەثنوگرافی دەچێت كە گشت نەتەوەو ئاین زاكانی تێدا كۆبوونەتەوە)، شێواندنی باری پێكهاتەی نەتەوەیی لەم پارێزگایە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و دروست بوونی دەوڵەتی عیراق و لكاندنی ویلایەتی موصل لەساڵی ١٩٢٥ بەعیراق دەگەڕێتەوە، بەردەوام حكومەتەكانی عیراق هەوڵیانداوە بۆ گۆڕانی پێكهاتەی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی عەرەب و زیادكردنی ڕێژەو ژمارەی عەرەب لەسەر حسابی نەتەوەی كورد بكەن ، لەشێوەی پرۆژەی نیشتەجێ كردنی عەرەبە كۆچەریەكان و بە عەرەب كردنی نیشتیمانی كورد و مێژوو و ناوچە كوردیەكان لەڕێگەی شێواندنی مێژوو و جوگرافیای ناوچە كوردیەكان و دانانیان وەك بەشێك لەعیراق ئەگەر شاڵاوەكانی جێگیركردنی عەرەبەكان لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا پاڵنەری ئابوری و كۆمەڵایەتی بەپشتەوەبووبێ ئەوا لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و لكاندنی ویلایەتی موصل بەعێراق مەبەستێكی سیاسی و نەتەوەیی و بەرنامە دارێژراوی لەپشتەوە بوو

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەئاماژە بەدابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای نەینەوا و گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی و دانیشتوانی پارێزگاکە دەکات لەماوەی نێوان ( ١٩٥٧ – ١٩٧٧ ) ، گرنگی زیاتری ئەم بابەتە لەوەدا دەردەکەوێت لەم ماوەیەدا ئەم پارێزگایە ڕووبەڕووی زۆرترین گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی بۆتەوە بەشێوەیەك کەزیادبونێکی زۆری عەرەبی بەخۆوە بینیوە لەسەر حسابی کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر ، ئەمەش بۆتە گێرو گرفتێك لەنێوان پێکهاتە نەتەوایەتیەکان و هەوڵدانی کوردەکان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو شێواندنانەی کە لەژمارەو ڕێژەی کوردەکاندا ڕوویداوە لەناوچە کوردیەکانی ئەم پارێزگایە ، هەوڵە بە بەرنامە داڕێژراوەکانی سەرانی عەرەب بۆ زیادکردنی نەتەوەی عەرەب و لەناوبردنی کورد و نەتەوەکانی تر بووەتە هۆی ئەوەی کە دەست نیشانی ئەم بابەتە بکەم .هەورەوها گرنگیەکی تری ئەوە یە کە خوێنەران و لایەن پەیوەندی دارەکان کۆمەك دەکات بە زانیاری دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان لە پاۆێزگاکەدا هێنراوە لەلایەن حکوومە تە یەك لە دوای یەکە کانی عێڕاق.

## گریمانەی توێژینەوەکە :

بێگومان گریمانەی توێژینەوەکە لە چەندپرسیارێکەوە سەرچاوەی گرتوە:

١- ئایا دابەشبوون و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای نەینەوا گرنگی و بایەخی نەتەوەیی هەیە؟

٢- ئایاشێواندنی ڕووی ڕاستەڤینەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لە سەر ئاستی پارێزگاکە کراوە؟

٣- ئایا هەوڵدراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردو دەرپەڕاندنی کورد لەزێدی خۆیان و هێنان و جێگیر کردنی عەرەبە کان لە شێونی کورد و نەتەوەکانی تردا؟

٤-

**میتۆدی لێکۆڵینەوە** / هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت پێویستە میتۆدێکی ڕوون و ئاشکرا بەکار بهێنرێت بەئامانجی سودگەیاندن بەلێکۆڵینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش پشتم بەمیتۆدی ( شیکردنەوە وبەراوردکاری )بەستووە لەم ڕووەوە چەندین سەرچاوەی زانستیم بەکارهێناوە لەگەڵ خستنەڕوو بەراوردکردنی داتاکانلەچەند خشتەیەکدا، هەروەها خستنەڕووی دابەشبوون و گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم پارێزگایە لەچەند خشتەو شێوەیەکدا .

## ئاما نجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی و دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەبوونە هۆکاری ڕوودانی گۆڕانکاری لەپێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی لایەن پەیوەندی دارەکان.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

بەمەبەستی گەیشتن بەلێکۆڵینەوەیەکی پوخت پلانەکە دابەشکراوە بۆ سەر پێشەکی و سێ باس و دەرئەنجام و ڕاسپاردە ، باسەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دابەشی چەند باسێك کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە ،

**باسی یەکەم** /بریتی یە لەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە لەدوو تەوەرە پێکهاتووە ئەوانیش.

تەوەری یەکەم: تایبەتە بە ڕەهەندی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە تەوەرەی دووەم: ڕەهەندی مێژوویی پارێزگای نەینەوا ..

**باسی دووەم**:ئەم باسە تایبەتە بەدابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکە ئەم باسەدابەش کراوە بۆ دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم: دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی، تەوەرەی دووەم: گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی،

**باسی سێیەم**: تایبەتە بەکاریگەری ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا .

**باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندی جوگرافی پارێزگای نەینەوا**

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

پارێزگای نەینەوا یەکێکە لەپارێزگاکانی عیراق، دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوای عێراق وەك لە نەخشەی (١)دا نیشاندراوە.سەبارەت بەسنوری پارێزگای نەینەوا لەگەڵ چەند ناوچەیەکدا هاوسنورە، لەباکوریەوە پارێزگای دهۆکە، لەباشوریەوە پارێزگای صلاح الدین و ئەنبارە، لەرۆژهەڵاتەوە هەردووك پارێزگای کەرکوك و هەولێرە، لەرۆژئاواوە دراوسێی وڵاتی سوریایە، وەك لەنەخشەی(٢)دا نیشاندراوە.پارێزگای نەینەوا لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە کەوتۆتە نێوان هەردووك بازنەی پانی(٣٤,١ – ٣٧,٢)ی باکور، هەردووك هێڵی درێژی ( ٤١,٢ – ٤٤,١)ی رۆژهەڵات، وەك لەنەخشەی (٢)دا نیشاندراوە.

لەڕووی کارگێڕیەوە پارێزگای نەینەوا (لیوا)ی موصل بەپێی ساڵی( ١٩٣٠ ) لەم یەکە کارگێریانەی لای خوارەوە پێکهاتووە:قەزای موصل کە پێکهاتبوو لەناحیەکانی (ناوەند، قەرەقوش، شورە، شەرگات)، قەزای دهۆك کە پێکهاتبوو لەناحیەکانی (ناوەند، دۆسکی، مزوری باڵا)، قەزای ئامێدی پێکهاتبوو لەناحیەکانی (ناوەند، نیروەو ڕێکان) ، قەزای سنجار پێکهاتبوو لەناحیەکانی (ناوەند، زممار)، قەزای شێخان پێکهابوولەناحیەکانی (قوش باسنێ، بەعشیق)، قەزای ئاکرێ پێکهاتبوولەناحیەکانی (ناوەند، عەشایرولسەبعە) [1].پارێزگای نەینەوا لەڕووی کارگێڕیەوە لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٥٧–١٩٨٧ ) چەندین گۆڕانکاری تیایدا ڕووی داوە وەك لەخشتەی (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

[1] خلیل أسماعیل محمد، دهوك - نینوی، دراسات في الخصائص الدیموغرافیة للسکان، منشورات مرکز للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، سنة ٢٠٠٥ ، ص١٤ .

خشتەی (١)

گۆڕانکاریەکان له پارێزگای نەینەوا لەڕووی کارگێریەوە لەماوەی نێوان ساڵی ( ١٩٥٧ – ١٩٨٧ )

| ساڵ | ژ ، قەزا | ژ ، ناحیە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٠ | ١٧ | ٢٧ |
| ١٩٦٥ | ٦ | ١٥ | ٢١ |
| ١٩٧٧ | ١٠ | ٢٣ | ٣٣ |
| ١٩٨٧ | ٩ | ١٢ | ٢١ |
| ١٩٨٨ | ٩ | ٩ | ١٨ |

سەرچاوە: نبيل شمعون يوسف باقر، الاقتصاديات حجم محدد الأساسي للسياسة الأقليمية في التوازن المكاني لهيكل مستوطنات الحضرية، أقليم دراسة نينوى، رسالة ماجستير ، جامعة بغداد،بغداد، ١٩٩٩، ص٥٥.

نەخشەی (١)

شوێنی پارێزگای نەینەوا بە گوێرەی عێراق




سەرچاوە :

١- نبيل شمعون يوسف باقر ، الاقتصاديات حجم محدد الأساسي للسياسة الأقليمية في التوازن المكاني لهيكل مستوطنات الحضرية، أقليم دراسة نينوى ، المصدر السابق، ص٥٥ .

٢- هاشم ياسين حمدأمين حداد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، لا٨١.

نەخشەی (٢)

یەکەکارگێڕیەکانی پارێزگای  نەینەوا




سەرچاوە : ئامادەکراو بەپشت بەستن بە :

١- نبیل شمعون یوسف باقر، المصدر السابق، ص٥٩ .

٢- هەوارامان کمال میرزا و ئەوانی تر، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨ ، ل١٢٨ .

بەتێبینی کردن لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کەژمارەی یەکە ئیداریەکانی پارێزگاکە لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٧ - ١٩٨٨ زۆر کەمی کردوو بەشێوەیەك کە لە (٣٣ ) یەکەی ئیداری یەوە کەمی کرد بۆ ( ١٨) یەکەی ئیداری ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ١٩٨٧/١٠/١٧ لەپارێزگاکە ڕوویداوە وەك :

١- قەزای شەرگات بەهەموو یەکە کارگێڕیەکانیەوە خرایە سەر پارێزگای سەلاحە ددین،

٢- هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی ( گردە سێن ) ، ( نەهلە ) ، ( سورچی ) و لکاندنی بە قەزای عەقرە .

٣- لکاندنی ناحیەی ( کەڵەك ) قەزای حەمدانیە.

٤- لکاندنی ناحیەی ( وان ) بەناوەندی قەزای تلکێف .

٥- لکاندنی ناحیەی ( مرێبە ) و ( مەزووری ) بە قەزای شێخان .

٦- لکاندنی ناحیەی ( تل ) بەناوەندی قەزای حەزەر[(١)] ، وە لەپاش بەرواری ١٩٨٧/١٠/١٧ چەند گۆڕانکارییەکی تر کرا لەکارگێڕی پارێزگا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

١- هەردوو ناحیەی ( پورە ) و ( قەیارە ) چوونە پاڵ قەزای موصل .

٢- هەردووك ناحیەی ( حومەیدات ) و ( مەحەلەبیە ) خرانە سەر قەزای سنجار .

٣- هەردووك ناحیەی ( شیمال ) و ( ڤیرەوان ) بە قەزای سنجارەوە لکێنران .

٤- هەردووك ناحیەی ( العیوازیە ) و ( رەبیعە ) لێکنرا بە قەزای تەلەعفەر .

٥- لکاندنی ناحیەی ( قەحتانیە ) قەزای بەعاج [(٢)]

سەبارەت بە رووبەری گشتی پارێزگای نەینەوا بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ( ٤١٣٢٠ ) کم٢ کە دەکاتە (٩،٥٪) ی رووبەری گشتی عیراق ، بەڵام لەساڵی( ١٩٨٨) کەمی کرد بۆ ( ٣٧٣٢٣ )کم٢ ، کەمبوونەوەی رووبەری پارێزگاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە ئیداریەی کە لەسنوری پارێزگاکە ڕووی داوە[(٣)] وەك لەخشتەی(١) ڕوونکراوەتەوەبەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٥ ) ژمارەی دانیشتوانی نەینەوا (١٩٦٤٩٥٦) کەس بوو[(٤)]،هەڵکەوتەی جوگرافی پارێزگای نەینەوا تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە وەك پردێك وایە بۆ بەیەکەوە بەستنی هەرێمی کوردستانی عیراق لەگەڵ گشتی پارێزگاکانی ناوەراست و باشوری عیراق لەلایەك ، سوریاو تورکیا لەلایەکی ترەوە[(٥)].

هەروەها بەهۆی هێڵی شەمەندەفەرەو ئۆتۆمبێل هەریەك لە قەزاکانی پارێزگای نەینەوا گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەڕووی شوێنی جوگرافی و ستراتیجی و ئابوری و بازرگانی ، بەتایبەت لەرووی کشتوکاڵی و کانزاوە، نمونەی قەزای شەنگال گرنگترین قەزای پارێزگاکەیە بەهۆی پێدا رۆیشتنی رێگای دەولی ئۆتۆمبێل کە شاری موسل بەکۆماری عەرەبی سوریاوە دەبەستێتەوە ، وە بوونی کشتوکاڵ و بازرگانی گرنگی قەزاکەی زیاتر کردووە [(١)].

---

(١)نبیل شمعون یوسف باقر، المصدر السابق، ص٥٩ .

(٢) المصدر نفسه، ص٥٩ .

(٣)المصدر نفسه، ص٥٥ .

(٤)عبدوڵلا غفور، جیۆگرافیای باشوری کوردستان ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٣٦٠.

(٥)خلیل أسماعیل محمد ( دهوك –نینوی ) ، المصدر السابق ، ص٢٣ .

(١) خلیل أسماعیل محمد ( دهوك –نینوی ) ، المصدر السابق ، ص٨ .

لەڕووی تۆپۆگرافیەوە پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە هەرێمی ناوچەی پێچ خواردووی سادە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەرزایی چیاکانی ئەم پارێزگایە لەنێوان(١٠٠٠ – ٢٠٠٠)م دایە، بەرزی زنجیرە چیاکان لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر جیاوازە ، وەك شاخەکانی عەقرەو شێخان لەرۆژهەلاَتی پارێزگاکە،چیای باگرمان لەچوارچێوەی زنجیرە شاخی ئاکرێ، کە بەرزییەکەی( ١٠٢٤ )م[٢]، وە چیای شەنگار کە بەرزاییەکەی (١٤٦٤م) بەرزەو شاخی تەلەعفەر (٥١٢)م بەرزە، وەبوونی دەشتی بەپیتی کشتوکالّی وەك دەشتی شەنگال کە دەکەوێتە رۆژئاوای پارێزگاکە، دەشتی ناوچە شاخاویەکان و کەناری رووبارەکان و بانی موسل، ئەم دەشتانە کاریگەری و بایەخیان هەیە لەبواری کشتوکالّی و ئابوری و نیشتەجێ بوون و بەپیتی زەوی دەشتەکان و جوانی سروشتی ناوچەکە وای کردووە پالّ بە عەرەبە کۆچەرەکانەوە بنێ بەرەو ئەو ناوچانە بێن و جێگیر بن .

دیاردەی بەرزی و نزمیە جۆراو جۆرەکان کاریگەریان دروست کردووە لەسەر باری ئاوو هەوای ناوچەکە، بەشەکانی رۆژئاوای ناوچەکە بەتایبەت ناوچەی جزیرە بەهۆی نزمی بەرزاییەکان پلەی گەرمای بەرزە و ڕادەی باران بارین کەمەو وشکی زالّە ، بەلاَم بەشی رۆژهەلاَتی پارێزگاکە بەهۆی بوونی بەرزایی وایکردووە پلەی گەرما نزم بێ و رادەی باران بارینیش زۆرتربێت لە وەرزی زستاندا[٣].

سەبارەت بەخاکی پارێزگای نەینەوا پێکدێت لە چەندین جۆری جیاواز لەخاك، وەك خاکی قوڕی و خاکی سورباوو خاکی تێکەلاَو و ناوچەی شاخاوی و دەشتەکان و خاکی کەنار ڕووبارەکان، ئەستوری خاك لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەو ناوچانەی کەزیاتر لێژیان زۆرە ، وەك ناوچە شاخاویەکان ئەستوری خاك تیایدا کەمە بەهۆی ئاوی باران و خێرایی باو دیاردەی راماڵین وای کردووە خاکی ناوچەکە لەگەڵ خۆی دا رابماڵێت [٤] ، بەلاَم هەرچی ناوچەی دەشت و بانەکانە بەهۆی تەختی زەوییەکە بوارنادات ماددەکان بگوازرێنەوە بۆیە چین لەسەر چین دەنیشن و ئەستوری خاك زیاد دەکەن ، جگە لەمەش دیاریدەی راماڵین لەو ناوچانەی کەمە بەهۆی لاوازی خێرایی ئاوو کەمی کاریگەری با [٥].

لەڕووی ئاوهەواوە پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی ئاوهەوای گەرمەسێر (ستێپس)، کەسالاَنە کەمتر لە(٥٠٠) ملم بارانی لێ دەبارێت، ئاوهەوای پارێزگای نەینەوا بەدرێژی وەرزی بەهارو پایز بەناوبانگە، بەشێوەیەك کە ناودەبرێت بەدایکی دوو بەهار لەوەرزی هاوین پلەکانی گەرما بەرزن و لەوەرزی زستاندا کەمتر ساردن، لەڕووی بەفر بارینەوە زۆر بەکەمی بەفری لێ دەبارێت و زیاتر ناوچە شاخاویەکان دەگرێتەوە، جیاوازی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەم پارێزگایە پابەندە بەجیاوازی دیاریدەی بەرزی و نزمی ناوچەکە ، هەرچی ناوچەکانی رۆژئاوای پارێزگاکەیە دیاریدەی وشکی و بەرزی پلەی گەرما بەسەریدا زالّە بەتایبەت لەناوچەی جزیرە کەپلەکانی گەرما لە وەرزی زستاندا لەنێوان (-٥ - +٨ )سْ دایە، بەلاَم لەوەرزی هاویندا(٣٠ – ٤٣)سْ هەرچی شاخەکانی رۆژهەلاَتە بەهۆی بوونی بەرزایی زیاتر لەشاخەکاندا وای کردووە پلەی گەرما نزمتر بێت و باران و شێی ڕێژەیی زیاتر بێت بەتایبەت لەگەڵ گەڕانەوەی وەرزی زستان [١].

---

(٢) عدنان اسماعیل الیاسین ، التغییر الزراعي في محافظة نینوی ، الدراسة تحلیلیة في الجغرافیة الزراعة، جامعة بغداد، ، ١٩٨٤ ، ص١٦ .

(٣) شاکر خصباك ، العراق الشمالي ، دراسة للنواحیة الجغرافیة الطبیعیة والبشریة ،مطبعة شفیق، ، ص٣٩ .

(٤) عدنان اسماعیل الیاسین، المصدر السابق، ص٦٥ .

(٥) المصدر نفسه، ص٦٥ .

(١) عدنان اسماعیل الیاسین، المصدر السابق ص١٥ .

لەڕووی دەرامەتی ئاوەوە پارێزگای نەینەوا یەکێکە لەو ناوچە دەوڵەمەندانەی کە هەرسێك جۆرە دەرامەتە ئاوییەکانی تێدایە، وەك(باران و ئاوی سەر زەوی سەرزەوی ئاوی ژێرزەوی) لەڕوانگەی باران بارینەوە ئەم پارێزگایە بەناوچەیەکی بارانی نیمچەمسۆگەر هەژمار دەکرێت، بڕی باران بارین لەم پارێزگایە لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر جیاوازە تێکڕای باران بارینی لەنێوان(٣٥٠– ٤٥٠)ملم دایە، بۆنمونە لەناوچە شاخاویە بەرزەکان لەرۆژهەڵاتی پارێزگاکە بڕی(٤٥٠)ملم دەبارێت، بەڵام لەناوچە نزم و دەشتاییەکانی بانی جزیرە کەم دەکات بۆ (٣٠٠)ملم[٢].سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی لەم پارێزگایە لەشێوەی ڕووبارو چەم و زێکاندا خۆی دەبینێتەوە، بەهۆی تێپەڕبوونی یەکێك لەڕووبارە سەرەکیەکانی عیراق بەو ناوچەیەدا وەك ڕووباری(دیجلە) و چەند زێیەك وەك زێی گەورەو خاپور زێی خازەر[٣]، دروستکردنی بەنداوی موسل لەسەر ڕووباری دیجلە بۆتە هۆکارێك کەکاریگەری و بایەخی زۆری بەناوچەکە بەخشیوە لەڕووی ئابوری و کشتوکاڵی و دەوڵەمەندکردنی ناوچەکە بەئاوی ژێرزەوی [٤].

ئاوی ژێرزەوی ئەم پارێزگایە لەشێوەی بیر و کانی و کارێزدا خۆی دەبینێتەوە، دەوڵەمەندی ناوچەکە ئاوی سەرزەوی و بوونی باران و گونجاوی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکە هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە لەدروست بوونی چەندین بیر و کانی کارێز، قوڵی ئاوی ژێرزەوی لەم ناوچەیەدا جیاوازە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەهەندێك شوێن دووری ئاوی ژێرزەوی لەقوڵایی (٣٠)م دایە، لەهەندێك شوێنی تر لە(١٥ بۆ ٢٠)م دایە.دەوڵەمەندی ناوچەکە بۆ ئاوی ژێرزەوی بە هەمان شێوەی سەرچاوەکانی تری ئاوو بەایەخ و گرنگی ناوچەکەی زیاتر کردووە [٥].

**تەوەرەی دووەم : ڕەهەندی مێژوویی**

کاتێك باسی مێژووی پارێزگای نەینەوا دەکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوکاتەی کەکێشەو ململانێکان لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکان زۆر بەهێزبوو، دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێراندا لەلایەك و بەڕەسمی کردنی مەزهەبی(شیعەی ئیمامی) بەسەر هەموو ئێراندا لەلایەکی ترەوە تا دەهات ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکان توندتر دەکرد، ئەو دوو هێزە لە پەنای شەڕی مەزهەبی ماڵوێرانیەکی گەورەیان بە سەر گەلانی تورکمان و فارس و کورد هێنا، بەحوکمی ئەوەی وڵاتی کوردان لە زۆر بەرەوە کەوتە بەرداشی نێوان هەردووك لا، بۆیە کورد باجێکی زۆری ئەم ململانێیەی داوە، داگیرکردنی موسل لەساڵی (١٥٠٨) لەلایەن سەفەویەکان هەر تەنیا داگیرکردنی خاك نەبوو بەڵکو بەشیعەکردنی ناوچەکەشی بوو بەڵام ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەویەکان لە شەڕی چاڵدێران لەساڵی(١٥١٤) قاڵبێکی دیکەی وەرگرت چونکە کوردەکان دەورێکی گرنگیان بینی بە شکست پێ هێنانی سەفەویەکان، (مەولانا مەلا ئیدریسی بەدلیسی) دەورێکی گرنگی لە یەکخستنی میرانی

---

[٢]هاشم یاسین حمدأمین حداد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، لا٨٥.

[٣]جزا توفیق طالب، مقومات جیوبولتکیة للأمن القومي في أقلیم کردستان، منشورات مرکز کردستان للدراسة ستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص١٤٩ – ١٥٢ .

[٤]عدنان اسماعیل الیاسین، المصدر السابق ، ص٥٥ – ٥٦ .

[٥]المصدر نفسه، ص٥٥ – ٥٦ .

کورد لەژێر دەسەلأتی عوسمانیدا بینی[٦]، پاش شەڕی چاڵدێران لەساڵی(١٥١٦) موسل کەوتە ژێر دەسەلأتی عوسمانی لەپاش ئەم دەست بەسەرداگرتنە موسل بوو بە لیوا(سەنجەقێکی) سەر بەویلایەتی دیاربەکر[١]، لە بەڵگەنامەی عوسمانیدا لەساڵی (١٥٣٩ – ١٥٤٠) ئەم لیوایە بوو بە مەڵبەندێکی سەربەخۆ وەك ویلایەت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، سنوری ئەم ویلایەتە ئەوکاتە بەم شێوەیە بوو._ دیاربەکر لەباکوریەوە بووە، لەڕۆژهەلأتیەوە ویلایەتی شارەزوور بووە لەباشوریەوە ویلایەتی بەغدا، لەرۆژئاواوە سنوری ویلایەتی رەققە، لەم کاتەدا ویلایەتی موسل شەش سەنجەقی لەخۆگرتووە، شاری موسل ناوەندی ویلایەتەکە بووە سەنجەقەکان (ئەسکی موسل – تکریت – زاخۆ – عانە – کەشاف) ئەم دابەشبوونە یەکەمین دابەشبوونی ئیداری موسل بووە[٢]

سەبارەت بەناوی موسل مێژوونوسان پێیان وایە ناوی شاری (الموصل) لەوشەی (الوصل) واتە(بەستنەوە) یان (گەیاندن) گەیاندنی هەرێمی جزیرە بەعێراقەوە، یان بەستنەوەی هەرێمی جزیرە بەوڵاتی شامەوە،یان ئەوکەسەی بنیاتی ناوە ناوی ( الموصل ) بووە [٣]، سەفەویەکان بەردەوام لە دەرفەتێك دەگەڕان موسل لەژێر دەستی عوسمانی دەربهێنن ئەوەبوو توانیان لەساڵی ١٦٢٣ دەست بەسەر موسل دابگرن بەلأم عوسمانیەکان ساڵی (١٦٢٦) توانیان جارێکی تر دەست بەسەر شارەکە دابگرنەوە لەساڵی ( ١٦٣٨ ) سوڵتان مرادی چوارەم دەستی بەسەر هەموو عیراقدا گرت و کردی بەسێ ویلایەت ( موسل – بەغداد – شارەزوور ) پاش چەند ساڵێك دەستی بەسەر بەسرەشدا گرت و کردی بەویلایەتێکی سەر بەئیمپراتۆریەتی عوسمانی[٤].

ئەوەبوو لەساڵی ( ١٦٣٩ ) سەفەویەکان و عوسمانیەکان پەیمانی زەهاویان مۆرکرد بۆ دیاری کردنی سنوری نێوان هەردوولا هەر لەم مێژووە تا ساڵی( ١٨٧٩ ) زۆر گۆڕانکاری بەسەر ویلایەتی موسلدا هاتووە لەساڵی(١٧٢٦ )تەنها سنجەقێك بووە، بەلأم لە سەردەمی (مەدحەت پاشا) جارێکی تر موصل بۆتەوە بەویلایەت ئەوسا سنوری ویلایەتەکە بەم شێوەیەبوو: ویلایەتی دیاربەکر و وان لەباکور، مەملەکەتی فارس لەرۆژهەلأت و سەنجەقی (دیرالزور) لەرۆژئاوا، ویلایەتی بەغداش لەباشور سنوری بووە، ئەمە لەکاتێکدا عیراقی ئێستا لەو سەردەمەدا دابەش ببو بەسەر سێ ویلایەتدا ئەوانیش ویلایەتەکانی (موسل – بەغداد – بەسرە) هەر یەکەشیان چەند قەزاو ناحیەیەکیان دەگرتەوە) لەساڵی (١٨٧٩) کاتێك گۆڕانکاری لەئیداری ویلایەتەکاندا ڕوویدا هەردوو سەنجەقی کورکوك و سلێمانی خرانە سەر ویلایەتی موسل لەئاکامدا ویلایەتی موسل بوو بەویلایەتێکی سەربەخۆ، پێکهاتەی ئیداری پاش ساڵی (١٨٧٩) بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێهات بڕوانە خشتەی ژمارە(٢)

---

[٦]سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبیەوە، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٧٣-٧٤.

[١]هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

[٢]هەمان سەرچاوە، ل٧٥-٧٦

[٣]رەحیم ئەحمەد ئەمین، بەعەرەبکردن لەهەرێمی کورد نشینەکان (٦٣٥ – ٨٤٧)ز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – شیکاری، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ ، لا١٠٢ .

[٤] سەلام ناوخۆش، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موصڵ بەعێراقی عەرەبیەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥- ٧٦.

خشتەی (٢)

پێکهاتە ی ئیداری ویلایەتی موصل ( ١٨٧٩ )

| لیوا | موسل | کەرکوك | سلێمانی |
|---|---|---|---|
| موصڵ | موسل | کەرکوك | سلێمانی |
| | ئامێدی | رەواندوز | گوڵ عەنبەر |
| | زاخۆ | کۆیە | مەعصور |
| | دهۆك | رانیە | بازیان |
| | ئاکرێ | هەولێر | شارباژێچر |
| | سنجار | کفری | جاف |

گۆران ابراهیم صاڵح، کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ١٨٧٦- ١٩٠٩، چاپخانەی دەزگای چاپی و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل٧٨.

لەماوەی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا ئەو چوارچێوەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت عیراق بریتی بوو لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و موسل بەدۆڕاندنی تورکیا لەجەنگی جیهانی یەکەم ململانێکان بۆ دابڕاندنی و بردنی سامانی ئەو سێ ویلایەتە دەهات گفتوگۆی گەرمی لێ دەکەوتەوە، لەجەنگی ناوبراودا ( یەکەمی جیهانیدا) موسل کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیاو داگیری کرد، لە ٥ تشرینی یەکەم ١٩١٨ چوونە ناوشاری موسل.

پاش ئەمە چەند ڕێککەوتنێکی چارەنووسساز لەنێوان زلهێزەکانی بەریتانیاو ڕوسیاو فەڕەنسا مۆرکرا بەتایبەت دوای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت ویلایەتی موسڵ نەوتێکی زۆری لێیە ئەوەبوو ڕێککەوتننامەی نەوتی ( بیرینجی – لۆنگ ) لە ١٨ی نیسانی ( ١٩١٩ ) پاش ئەوە فەڕەنسا بۆی دەرکەوت زیانی پیێدەگات پاشگەز بوویەوە ، پاشان بەریتانیا توانی عیراق بۆخۆی پاوان بکات [1] ، ئەو کۆمیتەی کۆمەڵەی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ویلایەتی موسل پێکی هێنابوو هەرچەندە لەژێر گوشاری بەریتانیا، بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسل بەعیراقی عەرەبی راگەیاند، بەڵام هەر ئەو کۆمیتەیە بەدوو خاڵی زۆر گرنگ لەبارەی ئەو ویلایەتە دووپات کردەوە کە بریتی بوون لە:یەکەم: دانیشتوانی موسل ٥/٨ کوردن کوردیش نە تورکمانن و نە عەرەبن بەڵکو رەگەزی ئارین.
دووەم: ئەگەربیانوی نەژادی (نەتەوەیی) بەفاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دابنرێ ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی کوردی لەویلایەتی موسل دابمەزرێت[2]هەر بۆ جیاکردنەوەی ویلایەتی موصل یان کوردستان بەگشتی لەناوچەی عەرەبی لە هەندێ سەرچاوەدا بە ناوچەی کوردی گوتراوە (أقليم جبال) هەرچی خوارووی ناوچەی کوردنشین بوو ئەوا بەعیراقی عەرەبی ناوی هاتووە، لەسەردەمی عوسمانیەکاندا ئەو بەشەی کوردستانی خوارو ناوی (ویلایەتی موسل) بوو هەرچی وڵاتی عەرەبانیش بووە ئەوا بە بەویلایەتی بەغدا و بەصرە ناسراون، لەسەردەمی ئینگلیزدا وڵاتی عێراق بە میزۆپۆتامیا ناسرابوون، ویلایەتی موسلیش پێی دەگوترا میزۆپۆتاسیای

[1] نەوزاد علی أحمد، کێشەی ویلایەتی موسل لەدوو رۆژنامەی سلێمانی، چاپخانەی ئۆفسێت،سلێمانی، ٢٠٠٤ لا١٣٢.

[2] سەلام ناوخۆش ، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسل بەعیراقی عەرەبیەوە ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٨ .

سەروو [٢]، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ویلایەتی موسڵ، هەریەك لەئینگلیزو تورکیاو عیراق ژمارەی کوردیان لەناوچەکەدا بەجۆرێك دەخەملاند کە لەبەرژەوەندی خۆی دابێت بەشێوازێك کوردە غەیرە مسوڵمانیەکانیان وەك ئێزیدی و کاکەیی مەسیحی بەکورد دانەنرابون، هەر بۆئەوەی وا دەرنەکەوێت کەژمارەی کورد لەو ویلایەتەدا لەچاو تورکمان و عەرەبدا زۆرینەیە.ئەوکاتەی ویلایەتی موسڵ یەکێك بوو لەوسێ ویلایەتەی عێراقیان پێکهێنابوو، تاکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەو قەزایانە پێکهاتبوو: دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبار،شەنگالو قەزای موسل، پاش دامەزراندنی دەوڵەتی دەوڵەتی عیراق لەساڵی ١٩٣٠ لە نۆ قەزا پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە موسل، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی شەنگار، زێبار، تەلەعفەر، شێخان و ئاکرێ ، ئەم تەشکیلاتە ئیداریە تا ساڵی کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو جگە لەمانەی لای خوارەوە :

١- لێکردنەوەی قەزای زێبار کە هەموو دانیشتوانکەی کوردن و لکاندنی بە لیوای هەولێر .

٢- دروستکردنی یەکەیەکی ئیداری بەناوی بادیەی جزیرە لەساڵی( ١٩٤٥ )، کە بوو بەنشینگەی هێڵی شەمەندەفەرو پاشان ئەویەکەیە بە لیوای موسڵەوە لکێنرا.

٢- دروستکردنی قەزاکانی شۆرە، شرگات، حەزەر، بەعاج، لەسایەی بەرنامەی حکومەت بۆ نیشتەجێ کردنی خێڵە عەرەبەکان [١].

ئەم پارێزگایە بەدرێژایی ماوە مێژووییەکان هەر لەسەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکان و لەدوای شەڕی چاڵدێران و داگیرکردنی موسل لەلایەن بەریتانیەکان و لەسەردەمی مەدحەت پاشا و تا دامەزراندنی میرنشینی عیراق بە سەرۆکایەتی میر فەیسەلی کوڕی شا حسێن چەندین گۆڕانکاری بەسەر ئەم پارێزگایەدا هاتووە وەك ئەوەی کەماوەیەك لیوابوو پاشان بۆتە ویلایەتێکی سەربەخۆ، هەروەها لەدوای گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی بەدرێژایی ماوەی حکومەتەکانی عیراق و بەتایبەت لەسەردەمی رژێمی بەعسی ڕووخاو چەندین گۆڕانکاری کارگێڕی لەسنوری ئەم پارێزگایەدا ڕوویدا بەمەبەستی شێواندنی باری پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکەو کەم کردنەوەی ژمارەی کورد و زیادکردنی عەرەب لەسەر حسابی کورد .

## باسی دووەم: دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای نەینەوا

### تەوەرەی یەکەم / دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای نەینەوا :

مەبەست لەپێکهاتەی نەتەوەیی، دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی نەتەوە، وە پێکهاتەی نەتەوەیی لەرێبازەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای سیاسی دا بایەخێکی تایبەتی هەیە، دیارە هەماهەنگی نەتەوەیی بۆ پێکەوە گرێدانی دانیشتوانی دەوڵەت کاریگەری خۆی هەیە بۆیە ئەم هەماهەنگیە بە یەکێك لە گرنگترین بناغەکانی بونیادی و پەیوەندی ناوخۆی دەوڵەت دەژمێردرێت .

---

[٢] میم کەمال ئۆڤە ، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسل (١٩١٨ – ١٩٢٦) وەرگێڕانی سەلام ناوخۆش، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠ ، لا ٥٧ .

[١] خلیل أسماعیل حمد ، رەهەندەکانی نیشتەجێبوونی عەرەب لەپارێزگای نەینەوا و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی ، گۆڤاری سەنتەری ستراتیژی ، ژمارە( ١) ٢٠٠٥، لا٦١ – ٦٢ .

سەبارەت بەو زانیاریانەی دەربارەی پێکهاتەی نەتەوەیی لەبەردەستدان زۆر لێڵ و نا ڕوونن، ئەمەش وادەکات زۆر بەوریاییەوە سودیان لیٚوەربگرین، هەندێك لەو زانیاریانە بەپێی پارێزگاکان یاداشت کراون [1]، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ دابەشکردنی پێکهاتەی نەتەوەیی و گۆڕانکاریەکان و هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکاریانە زیاتر سود لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧) وەرگیراوە .

هەڵکەوتەی جوگرافی عیراق کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوانەکەی هەیە، عیراق لەدێرزەمانەوە وەك پردێك بووە کە گروپە مرۆییەکان لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بەسەریدا پەڕیونەتەوە، لەباکورەوە بۆ باشور لەباشورەوە بۆ باکور بەسەریدا ڕۆیشتوون، ئەویش بەسود وەرگرتن لەئاوی زۆرو زەوەندی خاکە بەپیتەکەی و ئاوو هەواکەی کە بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ گونجاوە، بەم پێیە چەند کاتی بەسەردا بچێ ئەوەندەش زیاتر خەڵکی کۆچی بۆ دەکات ئەوەندەش دانیشتوانەکەی تێکەڵ و پێکەڵی یەکتر دەبن ئەمەش ئاسەواری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی و دینی و زمانی بەجێ هێشتووە [2].

سەبارەت بەپارێزگای موسل لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوان و جیاوازیان لەڕووی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی لە پارێزگاکانی تر ئاڵۆزترە، لەڕاستیدا وەك د.شاکر خصباك دەڵێت: لەمۆزەخانەیەکی (ئەثنوگرافی) دەچێت، لەم پارێزگایەدا هەموو ئەو کۆمەڵە دینی و نەتەوەیی و مەزهەبیانە شان بەشانی یەکتری دەژین کە لەوڵاتی عیراقدا هەن، گرنگترین ئەو نەتەوانەی کەپێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکەیان پێك هێناوە بریتین عەرەب کورد، ، تورکمان، سریان، ئەرمە، بەشێوەیەك ئەم کۆمەڵانە تێکەڵ بەیەك بوون کەجیا کردنەوەیان بەپێی ناوچەکان تایبەت بەم کۆمەڵە نەتەوانە کارێکی ئاسان نیە[3] ئەگەر ئاماژەیەك بەژمارەی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا بکەین بەهەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانەوە لەساڵی( ١٩٥٧) دەبینین ژمارەی دانیشتوانی گشتی پارێزگاکە (٧٥٥٤٤٧) کەس بووە بەپێی ئەم سەرژمێرییە نەتەوەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەش بوون :

ژمارەی کوردەکان (٢٣٢٢٠٦) کەس بووە کەڕێژەیان لەسەر ئاستی پارێزگاکە (٣٠،٧٪) بووە، ژمارەی عەرەب بەپێی هەمان سەرژمێری (٤٢٣٥١٨) کەس بووە کەڕێژەی (٥٦٪)ی پێکهاتەی دانیشتوانیان پێکهێناوە لەسەر ئاستی پارێزگاکە، ژمارەی ئاشوریەکان (٤٦١٧١) کەس بووە ڕێژەیان (٦،١٪)، ژمارەی تورکمان (٣٦٠٧٩) کەس بووە ڕێژەیان دەگاتە (٤،٧٪) [2] وەك لەخشتەی (٣)دا ڕوون کراوەتەوە.

ئەگەر ئاماژەیەك بەدابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەساڵی ١٩٦٥دا بکەین دەبینین دابەشبوونی نەتەوەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە: کوردەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکە (٢٥،١٪)، عەرەبەکان (٥٨،٧٪)، تورکمانەکان (٤٪) ئەوانی تر (١٢،٢٪) پێکدەهێنن وەك لەخشتەی ژمارە (٤) ڕوون کراوەتەوە .

[1] جەزا تۆفیق طالب، بایەخی جیوپولتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، چاپی یەکەم، ١٩٩٩ ، لا١٧٢ – ١٧٥.

[2] شاكر خصباك ، العراق الشمالی ، المصدر السابق ، ص١٤٣ .

[3] خليل أسماعيل محمد ، نیشەجێبوونی عەرەب لەناوچەی کوردە فەیلیەکان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە (٢) ، مایسی ٢٠٠٢ ، لا٦٢ .

[2] خليل أسماعيل محمد ، دهۆك –نینوی ، المصدر السابق ، ص١٩ .

**خشتەی ژمارە (٣)**

**دابەشبوونی پێكهاتەی نەتەوەكانی پارێزگای نەینەوا (ساڵی ١٩٥٧)**

| نەتەوە | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| كورد | ٢٣٢٢٠٦ | ٣١,٤ |
| عەرەب | ٤٢٣٥١٨ | ٥٧,٤ |
| ئاشور | ٤٦١٧١ | ٦,٢ |
| توركمان | ٣٦٠٧٩ | ٤,٩ |
| سەرجەم | ٧٣٧٩٧٤ | ١٠٠ |

هەورامان كمال میرزا، تارق رەئوف محمد، ناوچەكانی ململانێ لەنێوان كوردو حكومەتەكانی عێراق، لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٩-١٣٠.

سەبارەت بەشوێنی جوگرافی دابەشبوونی پێكهاتەی نەتەوەكان لەناو سنوری پارێزگای نەینەوا وەك لە نەخشەی (٣) ڕوون كراوەتەوە بەم شێوەیە دابەش بوون، كوردەكان كەوتوونەتە ناوچەكانی باكورو باكوری ڕۆژهەڵات و باكوری ڕۆژئاوای پارێزگاكە كە بەناوچە كوردنشینەكان ناودەبرێت، بەڵام عەرەبەكان كەوتوونەتە بەشەكانی باشورو باشوری ڕۆژهەڵات، باشوری خۆرئاواو ناوەراستی پارێزگاكە.لێرەوە دەتوانین بڵێین كوردەكان زیاتر دەكەونە قەزاكانی (ئاكرێ، شێخان، تلكێف، تەلەعفەر، موسل، حەمدانیە، شەنگال، ناحیەی قەحتانیە لە قەزای بەعاج)، عەرەبەكان دەكەونە قەزاكانی (بەعاج ، شەرگات ، ئەلحەزەر) كە بەناوچەی عەرەب نیشین ناودەبرێت [٢]. وەهەرچی قەزاكانی ناوەند ەی موسڵ و حەمدانیە و شەنگال تێكەڵ لە كورد و عەرەب و نەتەوەكانی تر.

[٢] هەورامان كەمال میرزا، طارق رەئوف محمد، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٣ .

نەخشەی (٣)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی بە گوێرەی قەزاکانی پارێزگای نەینەوا




هەورامان کەمال میرزا، طارق رەئوف محمد،ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراق سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨

## دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەسەر ئاستی قەزاکان

### ١- قەزای موسل /

سنوری ئەم قەزایە لەباکورەوە قەزای شێخان و تلکێفە ، لەباشورەوە قەزای ئەلحەزەرە ، لەباشوری ڕۆژهەلأت قەزای حەمدانیەیە ، لەرۆژهەلأتەوە قەزای تلکیفە یە ، لەرۆژئاواوە قەزای تەلەعفەر دەوری داوە ، کوردەکان لە دوو یەکەی ئیداری نیشتەجێ بوون ئەوانیش ناحیەی( بەعشیقە ) و( کەناری دەستەچەپ لە مەڵبەندی شاری موسل ) تا دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی تازە قەزای موسل لەناحیەی ( بەردەرەش ) و ( شێخان ) پێکدەهات ، بەڵام لەساڵی ١٩٢٦ ناحیەی ( عەشایر سەبعە ) بە قەزای ئاکرێ لکێنراو ناحیەی ( شێخان ) بە قەزای ( شێخان ) لکێنرا کە ئەوکات دامەزرابوو ، لە بەرامبەر ئەمەدا هەندێك ناحیەی تر دامەزرێنران بۆ ئەوەی بخرێنە سەر قەزای موصل وەك ( مەڵبەندی قەزاو ناحیەی بەعشیقە ) [1] ، ڕووبەری قەزاکە بەگوێرەی ساڵی ١٩٧٧ ( ٢٢٢٩ ) کم٢ بووە[2] ، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوان لەم قەزایەدا ( ٣٨٨٥٦٢ ) کەس بووە کە بەمشێوەیە بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بووە ، کوردەکان ژمارەیان ( ٥٠٦٠٥ ) کەس بووە ، عەرەبەکان ( ٣١١٦٥٦ ) کەس بووە ، ئاشوریەکان ( ٣١٣٦ ) کەس بووە ، تورکمان ( ٥١١ ) کەس بووە ، ئەرمەنەکان ( ١٩٣١ ) ، کلدان و سریان ( ١٩٠٣) بوون[3].

خشتەی (٤)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای موسڵ (١٩٦٥).

| یەکە/ ناحیە | کۆی گشتی | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان و سریان | ئەرمەن | ئاشوری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٢٦٤١٤٦ | ٤٠٢٣٢ | ٢١٣١٧٥ | ٤٨٤ | ٧٠١ | ١٧٦٢ | ٣١٣٦ |
| حەمدانیە | ٤٣٣٩٠ | ٤٣٤٢ | ٣١٨١٤ | ٢٧ | — | ١٩٦ | — |
| تلکێف | ٣١٠٣١ | ١٠٣٤ | ٣٢٨٢٨ | ٠ | ١٢٠٢ | — | — |
| بەعشیقە | ٢٤٧٧٣ | ٤٨٩١ | ١٨١١٢ | ٠ | — | — | — |
| حمیدات | ٢٥٢٢٢ | ١٠٠ | ٢٤٩٩٧ | ٠ | — | — | — |
| زاب | ١٣٥١٨ | — | — | — | — | — | — |
| کۆی گشتی | ٣٨٨٥٦٢ | ٥٠٦٠٥ | ٣١١٦٥٦ | ٥١١ | ١٩٠٣ | ١٩٣١ | ٣١٣٦ |

سەرچاوە/١- شاکر خصباك، العراق الشمالی، المصدر السابق، ص١٢٨-١٢٩.

٢- هەورامان کمال میرزا، طارق رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١٥

(١) خەسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای نەینەوا ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١١) ، ئایاری ١٩٩٩ ، لا١٢ .

(٢) هەورامان کمال میرزا، طارق رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١٣ .

(٣) شاکر خصباك ، العراق الشمالی ، المصدر السابق ، ص ١٢٨ –١٢٩ .

خشتەی (٥)

ڕێژەی دابەشبوون پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای موسل ساڵی ١٩٦٥٪

| قەزای موصل | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان وسریان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ١٥,٢٣ | ٨٠,٦٠ | ٠,٥٤ | ٠.٢٦ | ٠.٦٦ | ١.١٨ |
| ناحیەی حەمدانیە | ١٠.٠٦ | ٧٣,٣٢ | ٠,١٦ | ٠.١٦ | – | – |
| ناحیەی تلکێف | ٣,٣٣ | ٧٦,٧٨ | ٠,٠٨٧ | – | – | – |
| ناحیەی بەعشیقە | ١٩,٧٤ | ٧٣,١١ | – | – | – | – |
| ناحیەی حومەیدان | ٠,٣٩ | ٩٩,١٠ | – | – | – | – |

ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە خشتەی (٤).

بەوردبوونەوەمان لە خشتەی (٥)دا بۆمان دەردەکەوێت کە عەرەب زۆرترین ڕێژەی داگیر کردوە لەسەر ئاستی قەزاکە بەگشتی، بەتایبەت لەناحیەی حومەیدات کە( ٩٩,١٪)بەڵام ڕێژەی کوردەکان لەسەر ئاشتی گشتی قەزاکە بە پلەی دووەم دێت کە زۆرترین ڕێژەیان لە سەنتەری قەزادایە لە( ١٥,٢٣٪ )کەمترین ڕێژەیان لەناحیەی حومەیدات کە ٠,٣٩٪.ڕێژەی عەرەب لەسەر ئاستی گشتی یەکە ئیداریەکانی قەزاکە لەگشت نەتەوەکانی تر بەرزترە، وەدابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە دەبینین عەرەب لە( ٨٠.٦٠٪ ) ی داگیر کردووە کە بەپلەی یەکەم دێت وەکور( ٩.٧٥٪ ) و تورکمان( ٠.٥٣٪) کلدان (٠.٨٢٪ )، ئەرمەن( ٠.٢٦٪ ) ئاشور( ٠.٢٣٪ )[١] جیاوازی دابەشبوونی نەتەوەکان و بەرزی ڕێژەی عەرەب بەتایبەت بە سەر کورددا دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی نیشتەجێکردنی چەند خێڵ و عەشیرەتێك وەك( جبور ، عگیدات، بنو خالد) کە لە (نەجدەو حصارە)ەوە ڕوویان کردۆتە موسڵ، وە خیڵی ئەلبو بەدران کە لەناوچەی موسڵ نیشتەجێبوون پتر لە (٦ ) گوندیان لێ دروست کردن، نیشتەجێکردنی ئەم خێڵانە هۆکارێك بوو بۆ بەرزی ڕێژەی عەرەب[٢]. بڕوانە شێوەی ژمارە(١)

شێوەی (١)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای موسل ساڵی (١٩٦٥ )




سەرچاوە : ئامادەکراو بەپشت بەستن بەخشتەی (٥).

[١]شاكر خصباك ، العراق الشمالي ، المصدر السابق ، ص١٦

[٢]خلیل أسماعیل محمد، ڕەهەندەکانی نیشتەجێبوونی عەرەب لە پارێزگای نەینەواو کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٨-٥٩.

## ٢- قەزای شەنگال

لەڕووی هەڵکەوتی جوگرافیەوە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا سنوری لەباکورەوە سوریاو قەزای تەلەعفەرە، لەباشوریەوە قەزای بەعاج و بەشێکی قەزای ئەلحەزەرە، لەرۆژهەلاتیەوە قەزای تەلەعفەرە، لەرۆژئاواوە سنوری سوریا یە ناوی شەنگال بەناوی زنجیرە شاخە بەرزەکانی شەنگارەوە پەیوەستە[1]کورد لەم قەزایە بەقەد کۆنی شەنگار کۆنە، کەزۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەکۆنی کورد کردووە لەم قەزایەدا، بەهێزترین سەرچاوەی مێژوویی لەزمانی گەریدەیی عەرەب(ئیبن بەتوتە) دەڵێت بەرەو شارێکی مێژوویی کوردنشین بەرێکەوتین کە شەنگارە[2]. ڕووبەری ئەم قەزایە (٣١٨٨) کم٢، لەساڵی ١٩٢٨ بەرەسمی کرایە قەزا، تاکو هەشتاکان لەهەردوو ناحیەی (الشمال والشنکار) پێکهاتبوون بەلام پاش پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن لەساڵی ١٩٧٨ ناحیەیەکیان بەناوی (ئەلقەیرەوان) بۆ زیاد کرد، وە پارچەیەکیشیان لێ دابڕی و خستیانە سەر بەعاج، ئێستا قەزاکە لەناحیەی (مەرگەز و ئەلشیمال و ئەلقەیرەوان) پێکدێت [3].بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ دابەشبوونی نەتەوەکان لەم قەزایەدا بەم شێوەیەی خوارەوەی، ژمارەی کورد لە سەنتەری قەزای (٤٥٤٣) کەسە، عەرەب (٣٣٠٣)کەسە، تورکمان (٤٩) کەسە، هی تر (٣٩) کەسە.لەناحیەی شەنگار ژمارەی کورد (٢٥٥١٣) کەسە ، عەرەب (١٣٩٧٩) کەسە، تورکمان(٤٥٤٦) کەسە، هی تر (١٤) کەسە، لەناحیەی شیمال کورد (٢٣٩٠٣) کەسە، عەرەب (٣٩٢٥) کەسە، تورکمان (١٢٩) کەسە ، ئەوانی تر (٢٩) کەسە [4]. بڕوانە خشتەی ژمارە(٦)

خشتەی (٦)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شەنگار(١٩٦٥)

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | هی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٤٥٤٣ | ٣٣٠٣ | ٤٩ | ٣٩ | ٧٩٣٤ |
| شەنگال | ٢٥٥١٣ | ١٣٩٧٩ | ٤٥٤٦ | ١٤ | ٤٤٢٢٣ |
| شیمال | ٢٣٩٠٣ | ٣٩٢٥ | ١٢٩ | ٢٩ | ٢٨٠٨١ |
| کۆی گشتی | | | | | ٨٠٢٨٨ |

سەرچاوە: شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٦.

خشتەی (٧)

ڕێژەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان بە قەزای شەنگال (١٩٦٥)٪

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٥٧,٢٥ | ٤١,٦٣ | ٠,٦١ | ٠.١٥ | ٠.٣٤ | ـــ |
| شەنگال | ٥٧,٦٩ | ٣١,٣١.٦١ | ١٠,٢٧ | ٠.٠١٨ | ٠.٠٩ | ٠.١٤ |
| شیمال | ٨٥,١٢ | ١٣,٩٧ | ٠.٤٥ | ٠ | ٠.٠٨١ | ٠.٠١ |

سەرچاوە: خشتەی (٦)

[1] خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (١٣) ئەیلولی ١٩٩٩ ، لا٤٦ .

[2] خسرۆ گۆران، سەرچاوەی پێشوو ، لا٤٦ — ٤٧ .

[3] هەمان سەرچاوە، لا٤٦ .

[4] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٨.

بەسەرنجدانمان لەخشتەی ژمارە(١١)بۆمان دەردەکەوێت کە کوردەکان ڕێژەیەکی بەرزیان هەیەو بە پلەی یەکەم دێن لەسەر ئاستی گشتی قەزاکەو سەنتەرو ناحیەی شەنگار و شیمال بۆنموونە لەسەر ئاستی قەزاکە ٦٦.٦٨٪ پێکهێناوە بەڵام ڕێژەی عەرەبەکان ٢٩.٢٧٪ کە بەپلەی دووەم دێن، وە تورکمان لە ٣.٧٪ کلدان ٠.٠٥٦ ٪ ئەرمە ٠.١٧٪ ئاشور ٠.٣٤٪ بڕوانە شێوە ژمارە(٢) هەرچەندە کوردەکان ڕێژەی بەرزو پلەی یەکەمیان هەیە، بەڵام ڕێژەکەی بەرەو کەمبوونەوە چووە لەچاو ساڵانی پێش خۆی (١٩٥٧)، ئەمەش بەهۆی :-

١- گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای شەنگارو نزیکی شوێنی جوگرافی لە سنوری سوریاو گرنگی سەربازی و ستراتیجی پێ بەخشیوە.

٢- بوونی زنجیرە شاخەکانی شەنگار یارمەتی شەڕی پارتیزانی داوە[1].

٣- دابڕانی ناحیەی (ئەلقەحتانیە)و خستنە پاڵ قەزای (بەعاج) بۆ لەناوبردنی مۆرکی کوردایەتی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد.

شێوەی (٢)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای شەنگارلەساڵی ( ١٩٦٥ )




سەرچاوە : بەخشتەی (٧)

### ٣- قەزای تەلەعفەر :

ئەم قەزایە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا ، لەباکورەوە تورکیایە لە باکوری ڕۆژئاوایەوە سوریایە، لەرۆژئاوایەوە قەزای شەنگال، لەرۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای تلکیفە لەباشوریەوە موسلە،ڕووبەری قەزاکە لەساڵی ١٩٨٨ ( ٤٢٩٧ )کم٢ بووە، ئەم قەزایە دەکەوێتە ناوچەیەکی پان و بەرین و دەشتایی، لەڕووی سروشتیەوە لە سێ ناوچە پێکدێت (شاخاوی، دەشت، گردوبانەکان)[2].لەڕووی کارگێڕیەوە تاساڵی ١٩١٧ ناحیەیەکی عوسمانی بوو سەر بەقەزای شەنگار، بەڵام لەساڵی ١٩١٨ بەفەرمی کرا بە قەزا،لەساڵی ١٩٨٧ پێش هەڵوەشانەوەی

لەلایەن عەرەبەکانەوە لە(پێنج) ناحیە پێکهاتبوو،پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو قەزایە خۆی لە کوردو عەرەب و تورکمان دەبینێتەوە [2].

---

[1] بیان محمد سعید، سیاسة تعریب فی قضاء الشنکال ، المصدر السابق، ص٤٤-٤٥.

[2] خسرۆ گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موصل، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧-٣٨ .

[1] هەورامان کمال میرزا، تاریق رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨.

دابەشبوونی نەتەوەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ لەم قەزایەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

**خشتەی (٨)**

**دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای تەلەعفەر(١٩٦٥)٪**

| یەکە | کۆی گشتی | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٣٦٣٣٢ | ٨٩٧ | ٩٨٨٨ | ٢٥٥٠٥ | ٢٧ | ١٢ | ٣ |
| ناحیەی زممار | ٣٢٠٩٥ | ١٣٧٢٦ | ١٨٣٦١ | ٨ | ٠ | — | — |
| ناحیەی عەیازیە | ١٩٢٨٣ | ٢٣٤٤ | ١٢٧٩٧ | ٤١٣٦ | ٧ | ٩ | — |
| ناحیەی رەبیعە | ١٥٤٠٤ | ١٠١٩ | ١٤٣٤٧ | ٢٨ | ١٠ | — | — |

سەرچاوە: شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢

**خشتەی (٩)**

**رێژەی سەدی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای تەلەعفەر ٪ ( ١٩٦٥ )**

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٢,٤٢ | ٢٦,٧٢ | ٥٧.٧٠ | ٠.٠٧ | ٠.٠٣ | ٠.٠٠٨ |
| ناحیەی زممار | ٤٢,٧ | ٥٦,١٨ | ٠,٠٢ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ناحیەی عەیازیە | ٥٠,٥ | ٦٦ | ٦٢,٤٦ | ٠.٠٣٤ | ٠.٤٣ | ٠ |
| ناحیەی رەبیعە | ٦,٥٩ | ٩٢,٨٤ | ٠,١٨ | ٠.٠٦ | ٠ | ٠ |

سەرچاوە: خشتەی (٨).

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزای تەلەعفەر بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەشبووە: عەرەبەکان بەپلەی یەکەم دێن بەرێژەی ٥٩.٧١٪ کوردەکان ١٥.٥٤٪ و تورکمانەکان ١٧.٥٠٪ کلدان ٠.٤١٪ ئەرمەن ٠.١١٪ ئاشور ٠.٠٠٢٪. بڕوانەشێوە ژمارە (٣) هۆکاری گرنگ پاڵنەر لە جیاوازی دابەشبوونی رێژەی نەتەوەکان لەم قەزایەو زیادبوونی رێژەی عەرەب بەسەر گشت نەتەوەکانی تردا بە تایبەت لەسەر نەتەوەی کورد دەگەرێتەوە بۆهۆکاری ئابوری و دەوڵەمەنی ناوچەکەو سامانی سروشتی نەوت، وەك کێڵگە نەوتیەکانی (عەین زالە و باتمە و عوزێر) لەم دوایانەشدا لە (باسیف)نەوتیان دەرهێنا. هەروەها بوونی زەوی بەپیتی کشتوکاڵی هەموو ئەمانەی باسمان کرد دەکەونە دێیە گوند نشینەکان بۆیە ئایدۆلۆژیای شۆڤێنی هەرگیز ڕازی نەبووە ئەو بەشە دەوڵەمەندە لە چوارچێوە جوگرافیای کوردستاندا بمێنێتەوە[1].

[2]خسرو گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موسل، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٩٢.

شێوەی (٣)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای تەلەعفەر ساڵی ( ١٩٦٥ )٪




سەرچاوە : خشتەی (٩)

## ٤- قەزای شێخان /

یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵات پارێزگاکە، لەباکوریەوە قەزای ئامێدیە، لەباشوریەوە قەزای موسل لەرۆژهەڵاتەوە رووباری خازەرە کە لە قەزای ئاکرێی دادەبڕێت لەرۆژئاواشەوە قەزای تلکلیفە [1].لەڕووی ئیداریەوە پێکدێت لەناحیەی سەنتەری قەزاو ناحیەی مزووری و مرێبە، ڕووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧(١٣٣٣) کم٢ بووە[2]، سەبارەت بەدابەشبوونی نەتەوەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ لەم قەزایەدا بەمجۆرەی لای خوارەوە بوو :

ڕێژەی کورد لە سەنتەری قەزای شێخان ٧٦.٨٪ ، عەرەب ١٣.٨٥٪ ، تورکمان ١٩،٤ ٪ و ئەوانی تر ٨.١٠٪ بەڵام لەناحیەی ئەلقوش کورد ڕێژەیان ٦٠،٩٦٪ ، عەرەب ٢٨،٢٩ ، تورکمان ٠،٠٩٤ ٪ ئەوانی تر ١٢،٦٧ ٪ لە ناحیەی مزوری کورد ٧٠.٧٨٪ عەرەب ٢٨.٦٥٪ و ئەوانی تر ٠٪[3].بەسەرنجدانمان لەخشتەی (١١)بۆمان دەردەکەوێت کە کورد لە سەنتەری قەزاو ناحیەی ئەلقوش و ناحیەی مزوری پلەی یەکەم و ڕێژەیەکی بەرزیان پێکهێناوە، بەڵام عەرەبەکان بە پلەی سێیەم دێن و وەرێژەشیان زۆر کەمە لەچاو کوردەکان، هەرچی تورکمانەکانن بە پلەی دووەم دێن.

[1] خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٨) ساڵی ١٩٩٨ ، لا١٧ .

[2] هەورامان کمال میرزا ، تاریق رەئوف محمد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٣٨ .

[3] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٦.

خشتەی (١٠)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شێخان ساڵی ١٩٦٥

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ١٧٥١٩ | ٣١٩١ | ٤٤٨ | ٣٨ | ٣ | ٨٤٥ | ٢٣٠٢٥ |
| ن. ئەلقوش | ٩٦٤٨ | ٤٤٧٥ | ١٥ | ١١٣٤ | ـــ | ٨٧٣ | ١٥٨١٧ |
| ن. مزوری | ٢٥٢ | ١٠٢ | ـــ | ـــ | ـــ | ـــ | ٣٥٦ |
| کۆی گشتی | | | | | | | ٣٩١٩٨ |

سەرچاوە: شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٦.

خشتەی (١١)

ڕێژەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شێخان ساڵی ١٩٦٥٪

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٧٦.٠٨ | ١٣.٨٥ | ١.٩٤ | ٠.١٦ | ٠.٠١٣ | ٣.٦ |
| ن. ئەلقوش | ٦٠.٩٦ | ٢٨.٢٩ | ٠.٠٩٤ | ٧.١٦ | ٠ | ٥.٥١ |
| ن. مزوری | ٧٠.٧٨ | ٢٨.٦٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

سەرچاوە: خشتەی (١٠)

بەسەرنجدانمان لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێتدابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەسەر ئاستی گشتی ئەم قەزایە بەم شێوەیەیە: کوردەکان ٦٩.٢٧٪ پێکدێنن واتا پلەی یەکەمیان هەیە عەرەبەکان ٢٣.٥٩٪ تورکمانەکان ٠.٠٦٧٪ کلدا ٢.٤٤ ئەرمەن ٠.٠٠٤٪ ئاشور ٣.٠٣٪. هەرچەندە ئەم قەزایە قەزایەکی کورد نشینە و کورد ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنێ بەڵام لە شەستەکانەوە دووچاری دیاردەی ڕاگواستن و بەعەرەب کردن بۆتەوە ئەم دیاردەیە لە هۆکارە گرنگ و کاریگەرەکانی جیاوازی دابەشبوونی ڕێژەی نەتەوەکانی ئەم قەزایە بوون ، بەشێوەیەك عەرەبەکان وردە وردە بەرەو زیادبوون چوون، دوای ئەوەی دانیشتوانی کوردیان لە هەرسێ ناحیەی (سەنتەر و ئەتروش و مرێبە) ڕاگواست و کاربەدەستان خاوەن زەوییەکانیان ناچارکرد زەوییەکانیان بفرۆشن ، پاشان کوردەکانیان ڕاگواست بۆ قەزای ئاکرێ و هەندێ کۆمەڵگەی وەك (قەسرێ و کەڵەکچی و قەسرۆك )بەم شێوەیە لە حەفتاکاندا تەواوی قەزاکە تووشی بەعەرەب کردن هات[١].

**٥- قەزای حەزەر/**

یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای نەینەوا بە یەکێك لە قەزا عەرەب نشینەکان ئەژمێردرێت زۆرربەی زۆری دانیشتوانەکەی پێکدێت لە عەرەب ، ئەم قەزایە لەرووی جوگرافیەوە سنوری لەباکوری قەزای‌موصڵە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای شرگاتە لەرۆژئاواوە قەزای بەعاجە و لەباشورەوە رووباری فوراتە بەگوێرەی ساڵی١٩٧٧ لەڕووی کارگێڕیەوە پێکدێت لەسەنتەری قەزاو ناحیەی ئەلتل[٢].

[١] خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای نەینەوا ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٨) ، ساڵی ١٩٩٩ ، لا١٨٧.

[٢] هەرامان کەمال میرزا،تاریق رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو ، لا٨١.

سەبارەت بەپێکهاتەی دانیشتوانی ئەم قەزایە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن کورد کەمە نەتەوەکانی تر زۆر کەمن دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم قەزایە بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی( ١٩٦٥ ) بەشێوەیەکە کە لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە عەرەب زۆرینەی دانیشتوانن بەرێژەی( ٨٨٪ )ی دانیشتوان پێکدەهێنن واتە ئەو( ١٢٪) ی ماوەتەوە بەسەر کورد کوردی فەیل و تورکمان و ئەرمەندا دابەش دەبێت کەرێژەیەکی زۆر کەم ئەم رێژە زۆرەی عەرەب لەساڵی( ١٩٦٥ ) هەمیشە لەدوای ئەم ساڵە بەرز بۆتەوە بەرێژەیەك کە کوردو کەمە نەتەوەکانی تر تەواو بەرەو پووکانەوە چوون، ڕێژەی عەرەب گەیشتۆتە زیاتر لە( ٩٩.٣٪ )[1] ئەمەش بەڵگەیە بۆ پوکانەوەو لەناوچوونی کوردو کەمە نەتەوایەتیەکانی وەك تورکمان و ئەوانی تر.

خشتەی ژمارە (١٣)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای حەزەر ساڵی ١٩٦٥

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٨٣ | ٩١٧ | — | — | — | — | ١٠٠٣ |
| ن. ئەلتل | ٣٨ | ٢٠٦٢٢ | ٤٥ | ٤ | — | — | ٢٠٨٣٦ |
| ن. بەعاج | ٢٦٠٣ | ١٧٤١٨ | — | ٦٩٨ | ٢ | ٤ | ٢٢٥٧٠ |

شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٨.

بە سەرنج دانمان لە خشتەی ژمارە(١٣)و شێوەی ژمارە (٤) وە لەرێگەی کۆکردنەوەی سەرجەم ڕێژەکان لەسەر ئاستی قەزا بەگشتی بۆمان دەردەکەوێت کە دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لەم قەزایە بەم شێوەیەی خوارەوەیە، کوردەکان ٦.٦٦٪ عەرەبەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزا ٨٩.٢٠٪ پێکدەهێنن تورکمان ٠.٠٧٪ پێکدەهێنن کلدان ١.٠٣٪ ئەرمەن ٠.٠٠٢ئاشور ٠.٠١٧٪ پێکدەهێنن، هۆکاری زۆری ڕێژەی عەرەب لەم قەزایە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەریەکانی نێوان دیجلەو فوڕات کە لە پەنجاو شەستەکاندا زۆرباش هەوڵی بۆ دەدا[2] وەك نیشتەجێکردنی هۆزەکانی (دلێم و بەنی خالد و ئەلبو بەدران)کەچەند گوندێکیان بۆ دروستکرا کە ژمارەیەکیان کەوتنە قەزای حەزەر هەروەها نیشتەجێکردنی خێڵی حدیدی کەبەشێکی لە حەزەر نیشتەجێکران، باکوری قەزاکە ناوچەیەکی خێڵە عەرەبەکان بوو، ئەمانەی باسمان کرد هۆکار بوون لە جیاوازی دابەشبوون و زیادبوونی ڕێژەی عەرەب و کەمبوونەوەی کوردو نەتەوەکانی تر[3].

[1] خليل أسماعيل محمد، ( دهوك – نينوى ) المصدر السابق ، ص٢١ .

[2] خليل اسماعيل محمد، نەخشەی ئیداری کوردستان و دوراییە نەتەوەییەکەی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.

[3] خليل اسماعيل محمد، ڕەهەندەکانی نیشتەجێکردنی عەرەب لە پارێزگای نەینەوا و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

خشتەی (١٣)

ڕێژەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای حەزەر ساڵی ١٩٦٥٪

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٨.٢٧ | ٩١.٤٢ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ن. ئەلتل | ٠.١٨ | ٩٩.٠٢ | ٠.٢١ | ٠.٠١٩ | ٠ | |
| ن. بەعاج | ١١.٥٣ | ٧٧.١٧ | ٠ | ٣.٠٠٩ | ٠.٠٠٨ | ٠.٠٧ |

سەرچاوە: خشتەی (١٢)

شێوەی (٤)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای حەزەر و شێخان ساڵی ( ١٩٦٥ )٪




سەرچاوە : خشتەکانی (١١) و (١٣ ) .

**٦- قەزای شورە:** ئەم قەزایە یەکێکە لەقەزاکانی پارێزگای نەینەوا لە باکورەوە قەزای موسڵەو لە ڕۆژهەڵاتیەوە پارێزگای هەولێرەو لە ڕۆژئاواوە قەزای حەزەرەو لە باشورەوە پارێزگای سەلاحەدینە. سەبارەت بە دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە ساڵی ( ١٩٦٥) بەم شێوەییەی لای خوارەوە دابەشبوون[1] وەکو لەخشتەی ژمارە( ١٤) دەردەکەوێت.

خشتەی (١٤)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شورە ساڵی ١٩٦٥

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٢٠٣٦ | ٣٥٣ | — | — | — | — |
| ن.شرگات | ١٤٥٠ | ٣١ | ١٧ | — | ٩ | ٣٢ |
| ن. قەیارە | ٣٧٧٢٢ | ٢٥٠ | ٣٧ | — | ٩ | ٦٢ |
| ن. زاب | ١٣٢٥٥ | ١٧٠ | — | — | — | — |

سەرچاوە: شاکر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٩.

(1) هەورامان کمال میرزاو ئەوانی تر ، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨

خشتەی (١٥)

ڕێژەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شورە ساڵی ١٩٦٥٪

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | کلدان | ئەرمەن | ئاشور |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٨٤.٤٨ | ١٤.٦٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ن.شرگات | ٩٢.١٢ | ١.٩٦ | ١.٠٨ | ٠ | ٠.٥٧ | ٢.٣ |
| ن. قەیارە | ٩٧.٥٧ | ٠.٦٤ | ٠.٠٩٥ | ٠ | ٠.٠٣ | ٠.١٦ |
| ن. زاب | ٩٨.٠٥٤ | ١.٢٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

سەرچاوە: خشتەی (١٤).

ئەگەر ئاماژەیەك بە دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان بکەین لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە بەسەرنج دان لە شێوە ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوەکان بەم شێوەیەیەی لای خوارەوە دابەش بوون ، عەرەبەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزا ڕێژەی ٩٣.٠٥٦٪ کوردەکان ٤.٦٢٪ تورکمان ٠.٢٩٪ سریان کلدان ڕێژەی ٠ ٪ ئەرمەنەکان ٠.١٥٪ و ئاشوریەکان ٠.٥٤٪ پێکهێناوە.

شێوەی (٥)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شورە ساڵی ( ١٩٦٥ )




سەرچاوە : خشتەی (١٥)

**قەزای ئاکرێ :**

پێگەی جوگرافی ئەم قەزایە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری ڕۆژهەلاتی پارێزگاکە، لە باکورەوە زێی گەورەو ناوچەی (بارزان)ی پارێزگای دهۆك، لە باشورەوە ناحیەی کەڵەك و لە ڕۆژهەلاتەوە زێی گەورەو سنوری پارێزگای هەولێرە، لە ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوا رووباری خازرو قەزای (شیخان)ە ، لەباشوری ڕۆژئاواوە قەزای حەمدانیەیە[1].

[1] خسرۆ گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای نەینەوا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

ئەم قەزایە هەتا پێکهاتەی تازەی دەوڵەتی عێراق تەنیا دوو ناحیەی دەگرتە خۆی ، ناحیەی سورچی کە مەڵبەندەکەی(بجیل) و ناحیەی زێبار کە سەنتەرەکەی گوندی (بیرە کەپرا)بوو، پاشان بۆ گوندی دینارتە گوێزرایەوەو لەو کاتەوە ساڵی ١٩٥٣ تا ئێستا پێی دەگوترێ ناحیەی (نەهلە). ئەم قەزایە هەتا پێکهێنانی تازەی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ ناحیەی (عەشائیر سەبعە) کە سەنتەری گوندی بەردەڕەشە کە سەر بە قەزای موصڵ بوو بەم قەزایە لکێنرا. لە ساڵی حەفتاکان بەشێك لە خاکی ناحیەی عشائیر سەبعەو ناحیەی سورچی خرانە سەر ناحیەکی تازە بەناوی ناحیەی(گردەسێن) کەلەم قەزایە پێکهێنرا، بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ١٩٧٦ کە لەلایەن حکومەتی عێراق ئەنجامدرا قەزای ئاکرێ لە چوار یەکەی کارگێڕی جیاواز پێکهات.لەدوای ڕاپەڕین ئەم قەزایە لە پێنج یەکەی ئیداری پێکهاتبوو (بەردەڕەش، بجیل، دینارتە، کەڵەك، نەهلە) ڕووپێوی ئەم قەزایە (٣١٠٠)کم٢،وە ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٤٣٦٤٩)کەسە/بەپێی ساڵی (١٩٩٧ ) لەکۆنترین و گەورەترین قەزاکانی هەرێمی کوردستانە[٢]. بەپێی دابەشبوونی ساڵی ١٩٦٥ پێکهاتە نەتەوەییەکان بەم شێوەی لای خوارەوە دابەشبوون.

خشتەی (١٦)

دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکانی قەزای ئاکرێ ساڵی ١٩٦٥

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | هی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٨٤٤٤ | ١٥٤٢ | ٢ | ١٧٥ | ١٠١٦٣ |
| سورچی | ١٠٧١٣ | ٤١ | ٠ | ١٧ | ١٠٧٧١ |
| عەشائیر سەبعە | ١٧٠٦٤ | ١٩٤ | ٠ | ١٦٦ | ١٧٤٢٤ |
| نەهلە | ٩٠٢٩ | ٤٧٧ | ٠ | ٣٣ | ١٥٣٩ |

سەرچاوە: شاکر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٣١.

خشتەی (١٧)

ڕێژەی دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکانی قەزای ئاکرێ ساڵی ١٩٦٥٪

| یەکە | کورد | عەرەب | تورکمان | هی تر |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٨٣ | ١٥ | ٠.٠١ | ١٧.٢ |
| سورچی | ٩٩.٤٦ | ٠.٣٨ | ٠ | ٠.١٥ |
| عەشائیر سەبعە | ٩٧.٩٣ | ١.١١ | ٠ | ٠.٨٨ |
| نەهلە | ٦٦.٨٨ | ٣٠.٩٩ | ٠ | ٢.١٤ |

سەرچاوە: خشتەی (١٦)

بەسەرنجدانمان لە خشتەی ژمارە(١٧) بۆمان دەدەکەوێ کە کورد زۆرینەی دانیشتوانی ئەم قەزایەی پێکهێناوەو عەرەب و ئەوانی تر بەپلەی دووەم لەدوای کورد دێن

[٢]هەمان سەرچاوە، ل١٢.

**تەوەرەی دووەم : گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا ١٩٥٧ – ١٩٧٧**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەپێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای نەینەوا ڕوویان داوە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵیان هەیە و شتێکی تازە بابەت نیە، بۆیە دەکرێ بڵێین هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق دەگەڕێتەوە، ماوەی نێوان ساڵی (١٨٥٠ – ١٩١٨) بەربەرینترین بزاڤی نیشتەجێبوونی خێڵە عەرەبیە کۆچەریەکانی بەخۆیەوە بینی، چونکە لەوکاتەدا هەوڵەکانی (مەدحەت پاشا) بۆ دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر هۆزە عەرەبەکاندا هانی سەرۆك عەشیرەتەکانیدا کە بەپیر داواکەی دەوڵەتەوە بچن و لەوناوچانە نیشتەجێ بن، ئەم ماوەیە گەورەترین کاریگەری لەسەر سەرلەنوێ داڕشتنەوەو گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکە هەبوو [١].

کورد پێش پرۆسەی تەعریب بەتایبەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و لکاندنی ویلایەتی موصل هیچ یەکەیەکی ئیداری نەبوو کەزۆرینەی دانیشتوانی عەرەب بن [٢] ، بەڵام بەردەوام ڕژانی دانیشتوانی عەرەب بۆ سەر پارێزگای نەینەوا چ لەڕێی نیشتەجێ کردنی خێڵە چادر نشینەکانەوەو چ بەهاندانی خێزانە عەرەبەکان بۆ جێگیربوون تیایدا لەلایەك ، وە کۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندە کوردنشیەکان و تورکمان نشینەکان لەلایەکی ترەوە، سەرباری گۆڕینی نەخشە ئیداریەکانی پارێزگاکە بوو بەهۆی گۆڕینی ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان ، ئەمەش لە سەرژمێریەکانی عیراقدا بەڕوونی دەردەکەوێت ، کەڕێژەی عەرەب بەدرێژایی ماوەی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق تا ساڵی (١٩٧٧) بە بەردەوامی ڕووی لەزیادبوون بووە ، ئەمەش وای کردووە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکە گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەردا بێت و ژمارەی عەرەب لەسەر حسابی کورد زیاد کردنێکی ئیجگار گەورەی بەخۆوە بینی [٣].

هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی عیراق و ناوچە کوردنشینەکان ئەنجام دران هیچ خزمەتێکی هاوڵاتیانی نەکردووە یان ئاسانکاری نەکردووە لە جێبەجێکردنی ژیانیاندا ، بەڵکو کۆمەڵێك هاندەری سیاسی و پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی نەخشەکانی بە عەرەب کردنی پارێزگاکانی هەرێم لەپشت ئەم گۆڕانکاریانەوە بوون ، ئەمەش کاردانەوەی تەنها لەسەر کەم کردنەوەی کورد نەبووە بەڵکو لەسەر خۆ پێکهێنان و (خۆ پێگەیاندن)ی نەتەوەیی عەرەب بووە لەناوچەکەدا [٤].ئەگەر ئاماژەیەك بەو گۆڕانکاریانە بکەن کە لەپێکهاتەی نەتەوەکانی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا روویان داوە لەسەر ئاستی گشتی پارێزگاکە لەساڵی ١٩٢٢ تا ساڵی ١٩٧٧ بەمشێوەیەی لای خوارەوە بەرچاو دەکەوێت .

---

[١] خليل أسماعيل محمد، رەهەندەکانی نیشتەجێبونی عەرەب لەپارێزگای نەینەوا و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٧ ، ٥٨.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٦٩ .

[٣] خليل أسماعيل محمد ، دهۆك –نینوی ، المصدر السابق ، لا١٩.

[٤] خليل أسماعيل محمد ، کێشەی کورد لەعیراق کێشەی سنورە یان بوون ، چاپخانەی رۆژهەلات ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، لا٦٧ .

خشتەی (١٨)

گۆڕاکاریەکانی دانیشتوانی ( لیوا ) پارێزگای نەینەوا بەگوێرەی نەتەوەکان ١٩٢٢- ١٩٧٧

| نەتەوە | ١٩٢٢ – ١٩٢٤ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| کورد ٪ | ٣٧,٣ | ٣٠,١ | ٢٥,١ | ١٣,٣ |
| عەرەب ٪ | ٣٩,٩ | ٥٦,١ | ٥٨,٧ | ٨٥,٤ |
| تورکمان ٪ | ٣,٢ | ٤,٨ | ٤ | ٠,٩ |
| ئەوانی تر ٪ | ٢٠,٤ | ٩,٠ | ١٢,٢ | ٠,٤ |

سەرچاوە: خليل اسماعيل محمد، دهۆك – نينوى ، ص١٩

بە سەرنجدانمان لە نەخشەی (١٨)یسەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەردەوام ڕێژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بەشێوەیەك کەڕێژەی کورد بە بەردەوامی و ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو کەمبوونەوە چووە، گەورەترین کەم بوونەوە کە بەسەر ژمارەی کوردەکان دا هاتبێ لەماوەی نێوان ساڵی ( ١٩٥٧ – ١٩٧٧ ) ڕێژەکە زۆر کەمی کردووە لە (٣٠,١ ٪) بۆ (١٣,٣ ٪)، نەتەوەی تورکمانیش بە هەمان شێوەی کوردەکان ژمارەیان کەمبۆتەوە لە (٤,٨ ٪) بۆ (٠,٩ ٪) ئەمە جگە لەوەی کە نەتەوەکانی تری جگە لە کوردو تورکمان هەمان کەمبوونەوەیان بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینن گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕێژەی عەرەب ڕوویداوە بەشێوەیەك کە زۆر زیادی کردووە لە ٥٦.١٪ گەیشتۆتە ٨٥.٤٪ لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردەکان لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ بەڕێژەی ١٦.٨٪ کەمیان کردووە، هەروەها تورکمان لە هەمان ماوەدا بە ڕێژەی ٣.٩٪ کەمی کردووە، بەپێچەوانەوە زۆرترین گۆڕانکاری لە ڕێژەی عەرەبدا ڕوویداوە بە شێوەیەك کەلە ٥٦.١٪ گەیشتۆتە ٨٥.٤٪ واتە بە ڕێژەی لە ٢٩.٣٪ زیادی کردووە. بێگومان ئەمەش هەرلەخۆوە نەبووە بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابوری لە پشتەوە بووە، کە لەبەشی کۆتاییدا باسمان کردووە.

سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە لەیەکە کارگێڕیەکانی گشت پارێزگاکە ڕوویداوە لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٦٥ تا ١٩٧٧) بەمشێوەیەی لای خوارەوە بووە :

**١- قەزای موسل :**

زۆرترین گۆڕانکاری و کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لەم قەزایەدا لەناحیەی ( بەعشیقە ) ڕووی داوە، لەکاتێکدا ژمارەی کوردەکان لەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧(٩٢٪) ی کۆی گشتی دانیشتوانی ناحیەکە بووە، هەرچی عەرەبەکانن (٨٪)ی دانیشتوان بوون، بەڵام ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لەساڵی ١٩٧٧ ژمارەی کوردەکان لە ناحیەی بەعشیقە (٩٢٪) دابەزی بۆ (٦,١٥٪) لەبەرامبەردا ڕێژەی عەرەب زیادبونێکی لەڕادەبەری بەخۆوە بینی کەڕێژەیان گەیشتە (٩٢,٣٢٪) بەگشتی گۆڕانکاریەکان و زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لەساڵی ١٩٧٧ لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە ڕوویداوە[1]. هەروەها ناحیەی تلکێف و ناحیەی حەمدانیە کە دوو ناحیەی سەر بەو قەزایە بوون لەقەزای موصڵ جیاکرانەوەو بوون بە قەزای سەربەخۆ وەك سیاسەتێك لەپێناو زیادکردنی ڕێژەی عەرەب لە پارێزگای نەینەوا، گۆڕانکاریەکان لە ساڵی (١٩٧٧) لە پێکهاتەی نەتەوەکاندا بەشێوەیەك بووە کە عەرەب بە گشتی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان زیادبوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە بۆ

---

[1] هەورامان کمال میرزا، رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٢ .

نموونە لەسەنتەری قەزا عەرەب لە ٨٠.٧٠٪ زیادی کرد بۆ ٨٧.٥٨٪ هەروەها لە ناحیەی بەعشیقە ٧٣.١٪ گەیشتە ٩٣.٣٨٪ ئەگەر ئاماژەیەك بەو گۆڕانکاریانە بکەین کە لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە ڕوویداوە بەشێوەیەك بووە عەرەب ڕێژەی ٨٠.٦٠٪ بووە وە کوردەکان ڕێژەی ٩.٧٥٪ تورکمان ٠.٠٢١ بوون باقی ئەوانی تر ١.٣٣٪ بوون ئەم ڕێژانە گۆڕانیان بەسەردا هات بە شێوەیەك عەرەب زیادی کرد بۆ ٩١.١٣٪ واتا بە ڕێژەی نزیکەی ١١٪ زیادی کردلە کاتێکدا کوردەکان لە ٩.٧٥٪ کەمیان کرد بۆ ٧.٩٪ بە ڕێژەی ٢٪ باقی نەتەوەکانی تر ڕێژەی ١.٣٣٪[1] یان پێکدەهێنا کەمیان کرد بۆ ٠.٦٧٪ ڕێژەی گشتی قەزاکە بە پێ نەتەوەکان کۆکراوەتەوە واتا بەگشتی گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەکان بە شێوەیەك بووە لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا بووە باقی نەتەوەکانی تر بە تایبەتی کورد بەرەو کەمبوونەوە چووە . بڕوانە خشتەی ژمارە(١٩)و (٢٠)

خشتەی (١٩)

ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای موسل ساڵی ١٩٧٧

| یەکە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | ئەرمەن | تورکمان | سریان | هر تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٨٧,٥٨ | ١٠,٢٧ | ٠,٤٧ | ٠,٠٢ | ١,٢٢ | ٠,٠٧ | ٠,٣٦ |
| ناحیەی بەعشیقە | ٩٢,٣٣ | ٦,١٥ | ٠,٢٤ | سفر | ٠,٨٩ | سفر | ٠,٣٨ |
| ئەل حەمەدان | ٩٣,٣٨ | ٧,٢٢ | ٠,١ | سفر | ٠,١٩ | ٠,٠٧ | ٠,١٣ |
| مام عەلیل | ٩٦,٤٦ | ٢,٧٢ | ٠,٣٧ | سفر | ٠,٣٧ | ٠,٠٩ | ٠,٣٩ |
| مەحەلەبە | ٨٥,٩٥ | ١٣,٢٩ | ٠,٣٤ | سفر | ٠,٣٤ | سفر | ٠,٤١ |

سەرچاوە: فیصل دباغ، کوردوکەمە نەتەوایەتیەکان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٣)، کانونی یەکەم، ١٩٩٧، لا٢٥.

خشتەی (٢٠)

ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکان لە سەر ئاستی گشتی قەزای موصڵ لە ساڵی ١٩٧٧٪

| یەکە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | ئەرمەن | تورکمان | سریان | هر تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای موصڵ | ٩١.٤ | ٣٩.٦٥ | ٠.٣٤ | ٠.٠٠٤ | ٠.٦٠ | ٠.٧ | ٠.٣٦ |

سەرچاوە: خشتەی (١٩).

[1] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٨.

**شێوە (٦)**

**گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای موصل ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )٪**




**سەرچاوە : بەخشتەکانی (٥) و (٢٠)**

**قەزای حەمدانیە /**

**ئەم قەزایە سەرەتا ناحیەیەك بووە سەر بەقەزای موسڵ لە ساڵی ١٩٦٥، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠بوو بە قەزایەکی سەربەخۆو لە لە ناحیەکانی(کەڵەك و بەرتلەو نەمرودو سەنتەر)پێکدەهات، کاتێك ئەم قەزایە ناحیە بوو ڕێژەی کوردەکان تێایدا ١٠.٠٦٪ بوو عەرەبەکان لە ٧٣.٣٢٪ بوو ئەرمەنەکان ٠.٤٥٥ بوو کلدان و سریان و ئاشورو تورکمان ٠٪ بوون[1]، بەڵام کاتێك بوو بە قەزا گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم قەزایە ڕوویداوە، کاتێك ڕێژەی گشتی یەکە کارگێڕیەکانی ئەو قەزایە کۆدەکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عەرەبەکان، ڕێژەیان بوو ٩١.٩٪ کوردەکان کەمیان کرد ٥.١٪ و تورکمانەکان ٢.٧بوو ئەرمەن و سریان و ئەوانی تر ٠.١٧٪ بوو.**

**خشتەی ( ٢١ )**

**ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە قەزای حەمدانیە لەساڵی ١٩٧٧٪**

| یەکە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٩٩,٧٣ | ٠,١٦ | ٠,٠٣ | سفر | سفر | سفر | ٠,٠٨ |
| ناحیەی کەلەك | ٨٠,٣٤ | ١٩,٠٢ | سفر | ٠,٣ | سفر | سفر | ٠,٣٤ |
| ناحیەی نەمرود | ٨٩,٥٨ | ٠,٢٥ | ٠,٠١ | ١٠,١٥ | سفر | سفر | ٠,١ |
| ناحیەی بەرتلە | ٩٧,٩٩ | ١,٤٤ | ٠,٠٠١ | ٠,٣٩ | سفر | سفر | ٠,١٧ |

**سەرچاوە: فیصل دباغ ( کورد و کەمە نەتەوەکان )سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٥ .**

[1]شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٨.

شێوەی (٧)

گۆڕانكاریەكانی پێكهاتەی قەزای حەمدانیە ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )




سەرچاوە:خشتەی (٢١)

**قەزای شەنگال:**

گۆڕانكاریەكانی پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای شەنگال لەماوەی نێوان ساڵی ( ١٩٦٥– ١٩٧٧ ) بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو ئەم گۆڕانكاریانەی كە لەم قەزایە روویدا بەئاراستەی كەمبوونەوەی ژمارەو ڕێژەی كوردەكان و زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لە یەكە كارگێڕیەكانی مەڵبەندی قەزاو ناحیەی شیمالدا . بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ لەسەر ئاستی گشتی قەزاڕێژەی كوردەكان ٦٦.٦٨٪ عەرەبەكان ٢٩.٢٧ ٪ بوون توركمان ٣.٧٪ باقی ئەوانی تر ٠.٥٦ بوون[1] لە ساڵی ١٩٧٧ لەسەر ئاستی گشتی قەزاكە ، ڕێژەكان گۆڕانیان بەسەرداهات ڕێژەی عەرەبەكان زیادیان كرد لە ٢٩.٢٧٪ بۆ ٩٤.١٨٪ ڕێژەی كوردەكان ٦٦.٦٨٪ دابەزی ٤.٩٩٪ وە توركمان ڕێژەیان لە ٣.٧٪ كەمی كرد بۆ ٠.٣٧٪ باقی ئەوانی تر لە ٠.٥٦٪ گۆڕان بۆ ٠.٣٨٪.

خشتەی (٢٢ )

پێكهاتەی ڕێژەی نەتەوەكان لە قەزاە شەنگال ساڵی ١٩٧٧٪

| یەكە | عەرەب | كورد | كوردی فەیلی | توركمان | ئەرمەن | سریان | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٨٩,٥٤ | ٩,٥٤ | ٠,٠٥ | ٠,٥٨ | ٠,٠٠١ | ٠,٠١ | ٠,٢٨ |
| ناحیەی شیمال | ٩٨,٨٣ | ٠,٤٤ | ٠,٤٩ | ٠,١٧ | سفر | ٠,٠٢ | ٠,٠٧ |

فیصل دباغ ، كوردو كەمە نەتەوایەتیەكان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦٢

بەسەرنجدانمان لەخشتەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت ڕێژەی كورد لەمەڵبەندی قەزا لە (٧٠٪) كەم بۆتەوە بۆ (٩,٥٤٪)، ڕێژەی عەرەب بەپێچەوانەوە زیادی كرد، بۆ (٨٩,٥٤٪).لەناحیەی ئەلشیمال كوردەكان لە (٩٠٪) كەمیان كرد بۆ (٠,٤٤٪) بەپێەوانەوە عەرەبەكان زیادیان كرد بۆ (٩٨,٨٣٪).لێرەوە دەتوانین بڵێین گەورەترین گۆڕانكاری لەژمارەی كوردەكاندا ڕوویدا بەشێوازێك كە ژمارەو ڕێژەی عەرەب لەسەرجەمی قەزاو ناحیەی قەزاكەدا زیادی كرد

[1] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٦.

شێوەی (٨)

گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لە قەزای شەنگال




سەرچاوە : بەخشتەکانی (٧) و (٢٢)

**قەزای تلکێف /**

ئەم قەزایە لە سەرەتا گوند بوو پاشان لەساڵی ١٩٣٦ بوو بەناحیە ئەم حاڵەتە مایەوە تا ساڵی ١٩٦٥ بەڵام پاش ئەم مێژووە قەزایەك دروست بوو بەناوی قەزای تلکێف ، بۆیە بۆ دیاری کردنی گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لەم قەزایەدا سود لە سەرژمێری( ١٩٦٥ ) بە بەراورد لەگەڵ ١٩٧٧ وەرگیراوە [1].

ڕێژەی کورد لەسەر ئاستی قەزاکە لە ساڵی ٣,٣٣٪ کەس بووە ڕێژەی عەرەب ٧٦,٧٨٪ و تورکمان ٠,٠٨٧٪ ئەوانی تر ١٩,٧٩٪کوردەکان هەرچەندە ژمارەیان کەم بووە بەڵام پلەی دووەمیان پێکهێناوە [2]، لەساڵی ١٩٧٧ دا گۆڕانکاری لەپێکهاتەی نەتەوەیی قەزاکەا ڕووی دا بەشێوازێك کە عەرەب زۆر زیادی کرد بەمشێوەیەی خوارەوە :

خشتەی (٢٣)

ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای تلکێف بەپێی ڕێژەی ١٩٧٧٪

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٩٥,٤١ | ١,٤٠ | سفر | سفر | ٣,١٢ | ٠,٠٧ |
| ناحیەی وان | ٩٨,٧١ | ٠,٦٢ | ٠,٠٨ | سفر | ٠,٠١ | ٠,٠٥٧ |
| ناحیەی قوش | ٩٥,٤ | ٣,١٧ | ١,١٩ | سفر | سفر | ٠,٠٥٩ |

سەرچاوە: فیصل دباغ ، کوردو کەمە نەتەوەکان ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٣) ، ١٩٩٧، لا٢٦

(1) خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری ب رایەتی ، ژمارە (١٣)سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٦ .

(2) شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٩.

بەتێبینی کردن لەخشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکانی ئەم قەزایەدا ڕوویداوە لەسەر ئاستی گشتی قەزا بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:
ڕێژەی عەرەبەکان بەردەوام بەرەو زیادبوون چووە بەشێوەیەك کە لەساڵی ١٩٦٥ ڕێژەی ٧٦,٧٨٪ بووە ئەو ڕێژەیە بەرزبۆتەوە گەیشتە ٩٦,٣٨٪، لەساڵی ١٩٧٧دا، بەڵام سەبارەت بەڕێژەی کورد بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە چووە بەشێوەیەك لەساڵی ١٩٦٥لە ٣,٣٣٪ بووە کەمی کرد بۆ ١,٧٣٪، هەروەها گشت نەتەوەکانی تری وەك ئەرمەن و ئەوانی تر ڕێژەیان بەرەو کەمبوونەوە چووە بەشێوەیەك تورکمان لە ٠,٧٨٪ کەمی کرد بۆ ٠,٤٪، ئەوانی تر لە ١٩,٧٩٪ کەمیان کرد بۆ ١,٠٤، هەموو ئەو گۆڕانکاریانە لەپێناو زیادبوونی ڕێژەی عەرەب و نەتەوەی عەرەب ئەنجام دراون

شێوەی ( ٩ )

گۆڕانکیایەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای تلکێف لەساڵی (١٩٦٥ – ١٩٧٧)




سەرچاوە : ١- بەخشتەی (٢٣).٢- شاكر خصباك ، العراق الشمالی ، المصدر السابق ، ل١٢٩ .

## قەزای تەلەعفەر

یەکێکە لەو قەزایانەی کەژمارەی کوردەکان لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٥٧ تا ١٩٧٧) بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کورد (١٧٪)ی لەکۆی گشتی قەزاکەی پێکهێناوە[١]، بەرزترین ڕێژەی کورد کەوتۆتە ناحیەی زمار کە (٦٠٪)ی دانیشتوانەکەیان پێکهێناوە، لەکاتێکدا عەرەب (٣٥٪)، تورکمان و ئەوانی تر (٥٪)[٢]، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە عەرەب ڕێژەی ٢٩.٧١٪ بوو کورد ٢٥.٥٤٪ و تورکمان ١٧.٥٪ ئەوانی تر ٢٥.٠٪[٣] ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی قەزاکەدا هات لەساڵی ١٩٧٧ کەم بوونەوەی ڕێژەی کورد دەردەخات.

[١] خليل أسماعيل محمد ، دهوك –نينوى ، المصدر السابق ، ص١٢ .

[٢] هەورامان كمال ميرزا ، تارق رەئوف محمد ، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٣٧ .

[٣] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٧.

**خشتەی ( ٢٤ )**

**ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای تەلەعفەر ساڵی ١٩٧٧**

| یەکە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا ٪ | ٩٧,٦٤ | ٠,٥٢ | ٠,٢١ | ١,٥٢ | ٠,٠٠١ | ٠,٠١ | ٠,٠١ |
| ناحیەی زمار ٪ | ٩٤,٧٥ | ٤,٩٠ | ٠,٠٠١ | ٠,٠٢ | سفر | سفر | ٠,٠٢ |
| ناحیەی عەیازیە ٪ | ٩٦,١٨ | ١,٣٧ | سفر | ١,٨ | سفر | سفر | ٠,٦٥ |
| ڕەبیعە ٪ | ٨٩,٥٩ | ٩,٨٦ | ٠,٠١ | ١,١٢ | سفر | سفر | ٠,٠٤٢ |

سەرچاوە: فیصل دباغ ،کورد کەمە نەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ساڵی١٩٧٧دا ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٣)، ١٩٩٧، لا٢٧

ئەگەر لەم خشتەیە وورد بینەوە زۆر بەڕوونی زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەکان بە بەراورد لەگەڵ کوردو نەتەوەکانی تر بەرچاو دەکەوێت ، لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە ڕێژەی کورد کەمی کرد لە (٢٥.٥٤٪)دابەزی (٤.١٦٪) بە پێچەوانەوە ڕێژەی عەرەب وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردلە (٥٩.٧١)وە زیادی کرد بۆ (٩٤.٥٤٪)لەسەر ئاشتی گشتی قەزاکە لە ساڵی ١٩٧٧، تورکمان و باقی نەتەوەکانی تر لە ٠.٥٢٪ کەمیان کرد بۆ ١.٥٤٪ لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە.

**شێوەی (١٠)**

**گۆڕانگاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای تەلەعفەر١٩٦٥ - ١٩٧٧**




سەرچاوە : خشتەکانی (٩) و (٢٤ )

**قەزای شێخان //**

قەزای شێخان وەك باقی قەزاکانی تر زۆرترین گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزاکە ڕوویداوە کە بە کەمبوونەوەی ڕێژەی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستی قەزاکە و زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە کۆتایی هات،ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی قەزاکەدا هات بەم شێوەیە بوو کوردەکان لەساڵی ١٩٥٧ ڕێژەیان ٤٣,٥٪ بوو لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە باقی ڕێژەکەی تر بەسەر کوردو کەمە

نەتەوایەتیەکانی تردا دابەش بووە، عەرەب پلەی سێیەمی هەبووە لە دوای کوردو تورکمان[1]، ئەگەر ئاماژەیەك بەو گۆڕانکاریانە بکەین کە لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە ڕوویانداوە دەبینین ئەم شێوەیەی لای خوارەوەیە: ڕێژەی کورد لەناحیەی (قوش) ٦٠.٩٩٪ عەرەب ٨.٢٩٪ تورکمان لە ٠.٠٩٪ یە باقی ئەوانی تر ٨.١٠٪ بوون، بەڵام لە ناحیەی (مزوری) کورد٧٠.٧٨٪ عەرەب ٢٨.٦٥٪ تورکمان سفر٪ ئەوانی تر سفر٪ لەسەنتەری قەزا کورد ٧٦.٨٪ بوو عەرەب ١٣.٨٥٪ بوو تورکمان ١.٩٤٪ بوو باقی ئەوانی تر ٣.٧٧٪ بوو پێکدەهێنا، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەپێکهاتەی دانیشتوانی ئەم قەزایە ڕوداوە لەساڵی ١٩٧٧ بریتی بووە لە کەمبوونەوەی ژمارەی کوردەکان[1] ڕێژەی کورد لەسەنتەری قەزاکەدا کەمی کردووە بەشێوەیەك لە ٧٦.٨٪ بۆتە ٧,١٦٪ بەپێچەوانەوە ڕێژەی عەرەب لەسەنتەری قەزاکە زیادی کردووە لە ١٣.٨٥٪ گەیشتۆتە ٩١,٨٥٪ کەزیادبونێکی لەڕادە بەدەرەتورکمان ٠.٠٦٧٥ بوو بە ٠.٠٤٪ هەروەها لەناحیەی مریبا ڕێژەی کورد کەمیان کرد بەشێوەیەك ٧٥,٦٪ دابەزی بۆ ٧٢.٦٥٪، بەڵام سەبارەت بەرێژەی عەرەب زۆر زیادی کرد لە ٦,٥٪ گەیشتە ٢٦,٣٦٪تورکمان لە ٠.٠٩٤٪ بوو بە ٠.٠١٪ باقی ئەوانی تر سفر٪ بوون،بەڵام لەناحیەی مزوری ڕێژەی کورد تێایدا لە ٧٠.٧٨٪ بوو دابەزی بۆ ٦٤.١٤٪وە هەرچی ڕێژەی عەرەبەکانە زیادی کرد لە (٢٨.٦٥٪)ەوە گەیشتە (٣٥.٥٥٪ ) واتە بەگشتی عەرەبەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە زیادیان کرد کوردو کەمە نەتەوەکانی تر کەمیان کرد، بەشێوەیەك عەرەب لە ٢٣.٥٩٪ بوو بە ٥١.٢٩٪ کورد لە ٦٩.٢٧٪ بوو بە ٤٤.٧٩٪ تورکمان لە ٠.٠٠٦٪ بوو بە ٠.٠٤٪ باقی ئەوانی تر لە ٥.٧٤٪ کەمیان کرد بۆ٠.٤٦٪

**خشتەی (٢٥)**

**ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای شێخان ساڵی ١٩٧٧٪**

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | ئەرمەن | سریان | کوردی فەیلی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٩١,٨٥ | ٧,١٦ | ٠,٣٨ | سفر | سفر | ٠,٦١ |
| مریبا | ٢٦,٣٦ | ٧٢,٦٥ | ٠,٠١ | سفر | سفر | ٠,٩٧ |
| مەزوری | ٣٥,٥٥ | ٦٤,١٤ | ٠,٠٤ | سفر | سفر | ٠,٢٧ |

سەرچاوە: فیصل دباغ ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەر ژمێری ١٩٧٧ سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧

**شێوەی (١١)**

**گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای شێخان ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )**




سەرچاوە : خشتەکانی (١١) و (٢٥)

[1] هەورامان کمال میرزا، تارق ڕەئوف محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٨-١٣٩.

[1] شاکر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٢٦.

**قەزای بەعاج //**

یەکێکە لەو قەزایانەی کەزۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەکەی عەرەبە، ئەم قەزایە سەرەتا ناحیەیەك بووە سەر بەقەزای حەزەر بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ عەرەب (٧٧,٢٪)[1]بوون،کورد ١١.٥٥٪ بووە، تورکمان ٣.٣٦٪ بووە کلدان و سریان ٣.٩٥٪ بوون و ئاشوری ٠.١٧٪ بوو[2]، بەڵام بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عیراق و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی بەسەر ڕێژەی نەتەوەکان داهات بەشێوازێك کە عەرەبەکان لە (٧٧,٢٪) لەساڵی ١٩٦٥ زیادیان کرد بۆ (٩٩,٤٦٪) لەساڵی ١٩٧٧ کورد کەمی کرد بۆ(٠,٤٨٪)، تورکمان بۆ (٠,٠٠٤٪) ئەوانی تر (٠,٠٤٪) هەرچەندە قەزای بەعاج قەزایەکی عەرەب نشینە بەڵام کوردو نەتەوەکانی تر بوونیان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٦)

خشتەی (٢٦)

ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای بەعاج لەساڵی ١٩٧٧

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزای عاج ٪ | ٩٩,٤٦ | ٠,٤٨ | ٠,٠٢ | ٠,٠٠٤ | ٠,٠٠٤ | ٠,٠٠٤ |

سەرچاوە: فیصل دباغ ،کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ١٩٧٧ ،سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦ .

شێوەی ژمارە (١٢)

گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای بەعاج ساڵی ( ١٩٦٥ — ١٩٧٧ )




سەرچاوە : ١- خشتەی (٢٦)

٢- شاکر خصباك، العراق شمالی ، المصدر السابق ، ل١٢١

[1] خلیل اسماعیل محمد ، دهوك — نینوی ، المصدر السابق ، ص٢١ .

[2] شاکر خصباك، العراق الشمالی، المصدر السابق، ص١٢١.

**قەزای شرگات //**

ئەم قەزایە لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی یەوە لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئەرمەن پێکدێت، هەرچەندە سەرەتا لەساڵی ١٩٦٥ ناحیەك بووە سەر بە قەزای (شورە)بووە بەڵام دوای ئەم ماوەیە دەبێتە قەزایەکی سەربەخۆ عەرەبەکان زۆرترین ڕێژەی ئەم قەزایە پێکدێنن، بەڵام کوردو نەتەوەکانی تریش بوونیان هەیە[1] .

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ عەرەب ڕێژەی (٩٢,١٪)ی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە[2]، باقی ڕێژەکەی تر بەسەر کوردو نەتەوەکانی تر بەو شێوەیە دابەش ببوون:کوردەکان ١.٩٦٪،تورکمان، ١.٨٪ کلدان، سریان ٠٪، ئەرمەن ٠.٥٧٪ ئاشور ٢.٠٣٪ی پێکدەهێنا، ئەم قەزایەش وەك باقی قەزاکانی تر گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دا هاتووە بەشێوازێك کە ژمارەی عەرەب (٩٢,١٪) گەیشتە (٩٩,٩٧٪) لەساڵی ١٩٧٧دا عەرەب لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەکان زیادبونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی جیاواز لە کوردو تورکمان کە بە تەواوی کەم بوونەوە بەرەو نەمان چوون

خشتەی (٢٧)

ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای شرگات ١٩٧٧٪

| یەکە | عەرەب | کورد | تورکمان | ئەرمەن | سریان |
|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٩٩,٩٧ | ٠,٢ | ٠,٠١ | سفر | سفر |
| ن ، قەیارە | | ١,٧٣ | ٠,٠٩ | ٠,٠٠٣ | ٠,١٧ |
| ن، زاب | | ٠,٤٢ | ٠,٠١ | سفر | سفر |
| ن، شورە | | ٠,٢٢ | ٠,٠٣ | سفر | سفر |

سەرچاوە: ١- فیصل دباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢-شاكر خصباك ، العراق الشمالی ، المصدر السابق ، ص١٢٩.

بەسەرنج دان لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ژمارەی کوردەکان تەواوکەمبۆتەوە و عەرەب زاڵترین نەتەوەی قەزاکەیە، هەرچەندە هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان کردوە کە لەساڵی ١٩٧٧ قەزای شرگات (١٠٠٪)ی قەزاکەی عەرەب بووەو هیچ کوردو تورکمانی تێدا نەبووە

---

[1] شاكر خصباك، العراق الشمالی، المصدر السابق، ص١٢٩.

[2] خليل اسماعيل محمد ، دهۆك – نینوی ، المصدر السابق ، ص٢١ .

شێوەی ژمارە (١٣)

گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای شرگات ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )




سەرچاوە : خشتەی (٢٧)

**قەزای ئاكرێ//**

یەكێكە لە قەزا گەورە كوردیەكان كە لەڕووی پێكهاتەی نەتەوەیی لە كوردو عەرەب و توركمان پێكدێت، حوكمەتی عێراق چەند جارێك لەرێگەی گۆڕینی نەخشەی ئیداری و بەعەرەب كردنی ناوچەكە هەوڵی داوە ژمارەی كورد لەو قەزایە كەم بكاتەوە هەوڵەكانیشی  وەك لكاندنی ناحیەی (عەشایر سەبعە) كە سەر بەقەزای موسڵ بوو خرایە سەر قەزای ئاكرێ، هەروەها بەشێك لەناحیەی (عەشایر سەبعەو ناوچەی سورچی) خستە سەر ناوچەیەكی تازە بەناوی (گردەسێن) كەبەشێك بوو لە قەزای ئاكرێ[1]. ئەم قەزایە لە ساڵی ١٩٦٥ قەزایەك بووە سەر بە پارێزگای دهۆك، بەڵام دواتر دەخرێتە سەر پارێزگای نەینەوا و پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ جارێكی تر دەخرێتەوە سەر پارێزگای دهۆك.

ئەگەر ئاماژەیەك بەم گۆڕانكاریانە بكەین كە لە پێكهاتەی نەتەوەی قەزای ئاكرێ ڕووی داوە لە ماوەی نێوان ساڵی (١٩٦٥ بۆ ١٩٧٧) بەم شێوازەی خوارەوە بەرچاو دەكەوێت بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥.ڕێژەی كورد لەسەنتەری قەزا(٨٣٪)بووە، لەناحیەی سورچی (٩٩٪) بووە، لە ناحیەی عەشایر سەبعە (٩٧٪) بووە، لەناحیەی نەهلە (٦٦٪) بووە[2]، واتە كورد بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەكە بووە لەساڵی ١٩٧٧  گۆڕانكاریەكان بەم شێوەیە بوون:

---

[1] خسرۆ گۆران، بوونی كورد لە پارێزگای موصڵ، سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٧.

[2] شاكر خصباك، العراق الشمالي، المصدر السابق، ص١٣١.

خشتەی (٢٨)

ڕێژەی  پێکهاتەی نەتەوەکان لە قەزای ئاکرێ ساڵی  ١٩٧٧٪

| یەکە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان |
|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | ٨,٣١ | ٩١,٠٩ | ٠,١٨ | ٠,٢٧ |
| ن. نەهلە | ٥,٥٦ | ٩٣,٨٤ | ٠,٠٣ | ٠,٠٥ |
| ن. عەشایر سەبعە | ٥,٥٣ | ٩٣,٩٥ | ٠,٠٠٣ | ٠,٠٢ |
| ن. سورچی | ٥,٩٤ | ٩٠,٨٩ | ٠,٠٢ | ٠,٠٢ |
| ن. گردە سێن | ١٤,٨٤ | ٨٤,٦٦ | ٠,٠١ | ٠,٠١ |

سەرچاوە: فیصل دباغ کوردو نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، ژمارە (٨)، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧،

بەسەرنجدانلە خشتەی ژمارە (٢٨)  لەم گۆڕانکاریانە دەردەکەوێت کە کورد زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەشێوازێك کە سەنتەری قەزا تەواو زیادیکردووە لە (٨٣٪) بۆتە (٩١,٩٪) بەڵام لەسەر ئاستی ناحیەکانی(سورچی و نەهلەو عەشایر سەبعە) کەمێك دابەزیوە بۆ نموونە لە ناحیەی سورچی ڕێژەی کورد ٩٩٪ دابەزیوە بۆ ٩٠,٨٩ لە ناحیەی عەشایر سەبعە لە ٩٧٪ دابەیزوە بۆ ٩٣,٩٥٪ بەڵام لەناحیەی نەهلە بە پێچەوانە کورد زیادی کردوە لە ٦٦٪ بۆتە ٩٣,٨٤ ٪ بڕوانە شێوە ژمارە(١٤)

شێوەی (١٤)

گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای ئاکرێ ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )




سەرچاوە :خشتەکانی (٢٨) .(١٧).

**قەزای حەزەر //**

وەك لە دابەشبوونی پێکهاتەی دانیشتوان دا ئاماژەمان پێ کرد زۆربەی دانیشتوانی قەزاکە عەرەبن و ڕێژەیەکی زۆر کەم کوردن بەڵام بەردەوام هەوڵدراوە ئەم ڕێژەکەمە لە کوردو کەمە نەتەوەکانی تر نەمێنێ و گشت قەزاکە بکرێتە عەرەب، هەربۆیە ئەگەر ئاماژەیەك بەگۆڕانکاری ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەکان بکەین ئەبینین لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٦٥ – ١٩٧٧ گۆڕانکاری ڕوویداوە بەشێوەیەك کە ڕێژەی عەرەبەکان لەسەر ئاستی گشتی قەزاکە لە (٨٩.٢٦٪)بوو لەساڵی ١٩٦٥ واتا هەرچی کوردەکانن ٦.٦٦٪ بوون باقی نەتەوەکانی تر و بەهەموویان ڕێژەی

(٣.٣١٪)یان پێك دەهێنا ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەرداهات و كوردەكان بوون بە٠.٩٧٪ توركمان سفر٪بەو شێوەیە كوردو كەمە نەتەوەكانی تر بەرەو نەمان چوون[١] .

كورد لەسەنتەری قەزاكە ڕێژەی ٠,١٣٪ لەناحیەی ئەلتك ٠,٥٣٪ ڕێژەی توركمان لە سەنتەری قەزاكە سفر٪ لەناحیەی ئەلتك سفر٪، ڕێژەی فەیلیەكان تەنها لەسەنتەری قەزاكە هەبوون٠,٠٢٪ لە ناحیەی ئەلتك سفر٪، ئەوانی تر لەسەنتەری قەزاكە ٠,٣٩٪ لەناحیەی ئەلتك ٠,٣٧٪، لێرەوە دەتوانین بڵێن ڕێژەی كوردو نەتەوەكانی تر ڕێژەیەكی زۆر گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە و بەرەو كەمبوونەوە چووە لە ١٢٪ دابەزیوە بۆ كەمتر لە ١٪ [٢] .

شێوەی (١٥)

گۆڕانكاریەكانی پێكهاتەی نەتەوەیی لە قەزای حەزەر ساڵی ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ )




سەرچاوە : ١- خشەی (١٨) ٢- فیصل دباغ، كوردو كەمە نتەوایەتیەكان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥

## باسی سێیەم / هۆكارەكانی گۆڕانی پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا

### یەكەم: كاریگەری هەڵكەوتەی جوگرافی پارێزگاكە :-

بێگومان هەڵكەوتەی جوگرافی هەرناوچەیەك ڕەنگ دانەوەو كاریگەری دەبێت لەسەر دەركەوتنی گرنگی و بایەخی ناوچەكە، پارێزگای موسڵ لە ڕووی هەڵكەوتەی جوگرافیەوە، وەك لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەمان پێكردووە پردێك بووە بۆ بەستنەوەی هەرێمی كوردستانی عیراق، لەگەڵ پارێزگاكانی ناوەڕاست و باشورداو وڵاتی سوریاو توركیا، هەروەها ناوەندێك بووە بۆ كۆكردنەوەی بەرهەمی ناوچە شاخاویەكان و نیمچە شاخاویەكان[١] جگە لەمەش یەكە كارگێڕیەكانی پارێزگاكە وەك قەزاو ناحیەكان لەڕوی شوێن و ستراتیجیەوە بایەخێكی بەرچاویان هەبووە كەزۆربەی ئەو قەزاو ناحیەو گوندانەیكوردیان تیادا نیشتەجێ بووە، ئەمەش وای

---

[١]شاكر خصباك، العراق الشمالی، المصدر السابق، ص١٢٨.

[٢]فیصل دباغ كوردو نەتەوایەتیەكان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، سەرچاوەی پێشوو،لا٢٥.

[١]خلیل أسماعیل محمد ، دهۆك – نینوی ، المصدر السابق ، ص٢٣ .

کردووە حکومەتی عیراقی بیر لە ڕوودانی گۆڕانکاری و ڕاگواستنی کوردەکان بکاتەوە لەو قەزاو ناحیانە بەتایبەت قەزای شەنگال کەڕێگەی نێودەوڵەتی پێدا دەڕوات و شاری موسل بەکۆماری سوریاوە دەبەستێتەوە، هەروەها هێڵی ئاسنی نێوان سوریاو موسل پیادا دەڕوات[٢].

ئەمە جگە لەگرنگی شوێنی قەزاکانی وەك شێخان و تلکێف و تەلەعفەر هۆکارێکی گرنگی ڕوودانی گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی بوون لەم ناوچەیەدا، ئەگەر ئاماژەیەك بەناحیەی زممار بکەین بەهۆی گرنگی شوێنە جوگرافیەکەیەوە کەهاوسنورە لەگەڵ وڵاتی سوریاو درێژبوونی سروشتی و ئیتنۆگرافی ناوچەکانی کوردستانی سوریایە، هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم ناحیە بۆتەهۆی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لەپێناو دابڕانی کوردەکانی ئەم ناوچەیە لەکوردەکانی سوریا کەزۆربەیان هاو هۆزن هەروەها بوونی زنجیرە شاخەکانی وەك شەنگاللەناوچەکەدا یارمەتی ئەنجامدانی شەڕی پارتیزانی داوە بۆ هێزی پێشمەرگە [٣]، نزیکی شوێنی جوگرافی شەنگال لەسنوری سوریاوە گرنگیەکی سەربازی و ستراتیجی پێ بەخشیوە ، ئەمەش پاڵنەرێك بووە کەحکومەتی عیراق کوردەکان لەم ناوچەیە دوور بخاتەوە و ڕێژەی عەرەب زیاد بکات[٤]

### دووەم:هۆکاری ئابوری:

أ-نەوت: پارێزگای موسل یەکێکە لەپارێزگا دەوڵەمەندەکانی عیراق لەڕووی بوونی دەرامەتی کانزای نەوت و جۆرەکانی تری کانزا، ئەمەش بایەخێکی ئابوری گرنگی بەپارێزگاکە بەخشیوە، لەهەمان کاتدا بۆتە هۆکارێك بۆ چاو تێبڕین و گرنگیدانی نەك هەر تەنیا حکومەتی عیراقی بەڵکو بەپلەی یەکەم لای زلهێزەکانیش، دۆزینەوەی نەوت لەپارێزگای نەینەوا مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٧١٨)، دەتوانین بڵێین ناردنی ئەو نێردراوە جیۆلۆجیە ئەڵمانیە بۆ ویلایەتی موسل لەساڵی ١٧١٨ لە ئەنجامی پشکنینی جیۆلۆجی خاکی ناوچەکە، ئەو نێردراوەو نێردراوی دوای ئەو سەلماندیان کەناوچەکە ڕێژەیەکی زۆرتر لە نەوتی تێدایە. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی ململانێ لەنێوان زلهێزەکان و دەرکەوتنی بایەخی ئابوری ناوچەکە [١]. هەرچەندە کێشەی نەینەوا بۆ کورد کێشەی خاك و نیشتیمان و مرۆڤ و چارەنوس بوو بەڵام بۆ لایەنە ناکۆکەکانی تر ئەم کێشەیە هەر تەنیا مرۆڤ و خاك نەبوو بەڵکو بەپلەی یەکەم کێشەی نەوت بوو[٢].

زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەپارێزگای نەینەوا ڕێژەیەکی زۆر نەوتیان تێدایە دەکەونە قەزای تەلەعفەر و ناحیەی زممار کە کورد بەڕێژەیەکی زۆر تیایدا نیشتەجێ بوون دەتوانین بڵێین ناوچەی کوردنشین، بوونی نەوت لەبیرە نەوتەکانی (عەین زالە و بطمة و عوێنە) و دۆزینەوەی لەناوچەی (باصیف)و گەلێك ناوچەی تری پارێزگاکە[٣]، هەروەها بوونی کانزای وەکو (نەوت و گازی سروشتی و ئاسن) لەقەزای شەنگال بەتایبەت

---

[٢]هەورامان کمال میرزا، تاریق رەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان ........، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٥ – ١٤٦ .

[٣]چیا، ڕاگواستنی ناوچە تەوەرە ستراتیجیەکانی کوردستان ، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە (٤) ، ١٩٩٣ ، لا٢١٧ .

[٤]بەیان محمد سعید، سیاسة التعریب في قضاء شنكال، من منشورات أكاديمية القومية وتأهل الكورد، ٢٠١٠ ، ص٤٤-٤٥ .

[١]ئازاد نەقشبەندی، کێشەی موسل یان کێشەی نەوت ، گۆڤاری مەتین ، ژمارە (٥٧) ، ساڵی ١٩٩٦ ، لا ٨٧ .

[٢]هەمان سەرچاوە، لا ٢١ – ٢٢ .

[٣]هەمان سەرچاوە، لا ١٤٨ –١٤٩ .

لەکێڵگەکانی (ساسان) لەباکوری شەنگال وای کردووە حکومەتی عێراقی پلانیگۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی لەو ناوچە دەوڵەمەندە بەکانزایانەدا ئەنجام بدات و ڕێژەی عەرەب بەشێوازێك زیاد بکات تا بتوانێت دەست بەسەر داهاتی ئابوری ناوچەکەدا بگرێت، کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین نەوت ڕۆڵێکی کاراو هۆکارێکی گرنگ بوو لەگۆڕینی نەخشەی پێکهاتەی دانیشتوان و ڕاگواستنی ناوچە کوردنشینەکان و بە عەرەب ناونوس کردنیان [٤].

**ب- کشتوکاڵ :**

کشتوکاڵ وەك هۆکارەکانی نەوت و شوێنی جوگرافی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دابەشبوون و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لەپارێزگای نەینەوا ، سروشتی جوانی و دڵرفێنی ناوچەکە و بوونی دیاردەی بەرز نزمی جیاواز لەشێوەی زنجیرە شاخ و دەشت و دۆڵ لەنێوان زنجیرە شاخەکاندا جیاوازی بارودۆخی ئاوو هەوا لەڕووی پلەی گەرماو باران و شێ لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر بۆتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبوومی جیاوازی کشتوکاڵی لەشێوەی بەرووبوومی زستانەی وەك گەنم و جۆو بەرهەمی هاوینەی وەك میوەجات و برنج و هی تر بێگومان بڕی ئەو بارانەی کە لەپارێزگاکەدا دەبارێ (٤٠٠ - ٤٥٠ملم) ساڵانە بۆتەهۆی دەوڵەمەندکردنی ناوچەکە بەئاوی ژێر زەوی ئەمەش یارمەتی سەرکەوتنی چاندنی دانەوێڵەو میوەجاتی داوە لەو ناوچەیە [٥].

بوونی خاکی بەپیتی پڕ ماددەی ئەندامی و دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی یارمەتیدەرن بۆ چاندنی دانەوێڵەی جیاوازو گەشەکردنی ڕووپۆشی ڕووەکی لە قەدپاڵی چیاکان ئەمەش جارێکی تر یارمەتیدەر بووە بۆ بەخێوکردنی مەڕو ماڵات لەناوچەکەدا [٦] ئەگەر ئاماژەیەك بە قەزای تەلەعفەر بکەین دەبینین خاوەنی دەشتێکی گەورەی بەپیتی کشتوکاڵیە کە دەکەوێتە باشوری قەزاکە، کەبریتییە لەملیۆنەها دۆنمی زەوی کشتوکاڵی شیاوە بۆ چاندنی گەنم و جۆ، ناوچەکانی چاندنی (دێمەکار) لەم پارێزگایە لەلێوارەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە درێژ دەبێتەوە تا دەرووبەری قەزای شەنگال، لەناحیەی زمماریش جگە لەهەندێك ناوچەی دۆڵ و بەرزایی هەموو زەوی ناوچەکە شیاوە بۆ چاندنی بەرو بوومی دانەوێڵە [٧]،سەبارەت بەناحیەی ڕەبیعە دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی زۆری هەیە، دوای جێبەجێکردنی پرۆژەی گەیاندنی ئاو وای کرد لەسەر ئاستی بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەی زۆرترین بەرهەمی هەبێت، ئەو زۆری بەرهەم لە گەنم دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەو گوندانەی کە سەر بە ناحیە بوون کەژمارەیان (٣٨) گوندی کشتوکاڵی بوون .

لەم قەزایەشدا بوونی زەوی بەپیتی کشتوکاڵی بۆ چاندنی گەنم و جۆو نۆك و نیسك و دارستانی هەمیشە سەوزی وەك زەیتون و ڕەز و باخ و باخچە هەناریەکان بوونی باشترین توتن و هەنجیر بەتایبەت ناوچەی (کەوەسێ) کەباشترین جۆری توتنی هەیە[١].بوونی ئەم بڕە زۆرە لە زەوی شیاوی کشتوکاڵی بۆ بەروو بوومە جۆراو جۆرەکان کاریگەری دروستکردووە لەسەر ئاسایشی خۆراکی عیراق بۆیە نابێت لەڕوانگەی ئابووریەوە فەرامۆش بکرێت [٢]، دەوڵەمەندی ناوچەکەو کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراك و ئابووری وڵات و

---

[٤] بەیان محمد سعید، سیاسەت تعریب فی قضاء شنگال، المصدر السابق، ص٤٩ — ٤٩ .

[٥] هەورامان کمال میرزا، تاریق ڕەئوف محمد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٦ .

[٦] نجم عمر سورچی ، مصیر ولایە الموصل ( کردستان الجنوبیە ما بعدی عام ٢٠٠٠ ) ، الطبع الأولی ، سلیمانی ، ١٩٩٨ ، ص٣٩ .

[٧] خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای موصل ، سەرچاوەی پێشوو ، لا٣٨ .

[١] خسرۆ گۆران ، بوونی کورد لەپارێزگای موصل ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٥ — ٤٦ .

[٢] جەزا تۆفیق تاڵیب ، مقومات جیۆپۆلتیکی ، المصدر السابق ، ص٣٨١ .

نیشتەجێبوونی کوردەکان لەو ناوچە دەوڵەمەندانە وای لەحکومەتی عیراق کرد کە شالأوی جێگیرکردنی جوتیارە عەرەبەکان بەرەو ئەو ناوچانە دەست پێبکات لەپێناوی داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵی ناوچەکان، هەر لەپاش دروستبوونی دەوڵەتی عیراق سیاسەتی نیشتەجێ کردنی هۆزە عەرەبیە دەشتەکیەکان بەردەوام بوو بەپێدانی زەوی کشتوکاڵی و دانانی پڕۆژەی ئاودێری بۆ ئاسان جێگیرکردنیان لەناوچە کشتوکاڵیەکانی تەلەعفەرو شنگال و شێخان و زممار و رەبیعە[٣] لەم چوارچێوەیەدا حکومەت دەستی کرد بەجێبەجێکردنی دوو خاڵ ئەوانیش:

١- بەتاپۆکردنی سەرجەم زەویە کشتوکاڵیەکانی قەزاکانی شێخان بۆ عەرەبەکان بگوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٧٨/٣/١٦ .

٢- کوژاندنەوەی مافی کارکردن بەزەویەکانی ئەو هاوڵاتیانەی کە دەست گیرابوو بەسەر زەویەکانیانداو داوا لەسیاسیەکانی عەرەب کرا بەزووترین کات ناوی جوتیارە عەرەبەکانیان بۆ بهێنن بۆئەوەی ئەو بەڵێنانەی کەپێیان دراوە بۆیان جێبەجێ بکەن[٤].

دەتوانین بڵێین کشتوکاڵ وەك هۆکارێکی ئابوری دەورێکی کارای گێڕاوە لە گۆڕان و دابەشبوون و ڕاگواستنی کوردو گوندە کوردنشینەکان لەناوچە زەوییە کشتوکاڵیەکان خۆیان بۆ دەرەوەی قەزاو ناحیەکان.

**٣- هۆکارە سیاسیەکان:**

أ- ڕاگواستن: مەبەست لەڕاگواستن گواستنەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆی کەژیانی ئاسایی تیادا بەسەر دەبات بەرەو ناوچەیەکی تر بەبێ ئارەزوو کردن و پرس پێ کردن بەخەڵکی ئەو ناوچەیە، جا ئەو ڕاگواستنە بۆ ناوخۆی ولأت بێ یان بۆ دەرەوەی ولأت بێت، ئەم ڕاگواستنەش لەڕێگەی فشار خستنە سەر یان بەکارهێنانی هێز دژی خەڵکی ناوچەکە جێبەجێ دەکرێت[٥].

ڕاگواستن نەخشێکی گەورەی گێڕاوە لە دابەشکردن و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکان بەگشتی و پارێزگای نەینەوا بەتایبەتی، لە دەستنوسی (سویدی)دا هاتووە لەسەرەتادا عەرەبەکان نیشتەجێی نیمچە دورگەی عەرەبی بوون کە تا ئاستی بەسرە درێژ دەبێتەوە پاشان ئاستی کوفە لەباکوردا، فتوحاتی ئیسلامی لەعیراق و شام لەسەدەی حەوتەمی زاییندا بەگەورەترین ڕووداو لەمێژووی عیراق دادەنرێت کە کاری کردۆتە سەر گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانەکەی، هەڵکشانی عەرەبەکان بەرەو عیراق دوابەدوای ئەو فتوحاتانە بوو بەهۆی نیشتەجێبوونی عەرەب لەموسڵ لەئەنجامدا چەندین شاری نوێ دروست بوون، وە لەسەرەتای سەردەمی تازەدا خێڵەکانی وەك (جبور)، (دلێم)، (عوبید)، (حدیدی)، (عەیزە)، (شەمەر) لەناوچەکەدا جێگەی خێڵە کوردەکانیان گرتەوە[١].

لۆن گریك دەڵێت ناوچەی جزیرە شوێنی کۆکەرەوی کوردی شاخاوی و عەرەب چادرنشینی بوو بەڵام کوردەکان زاڵتربوون.لەماوەی ساڵی (١٨٠٥– ١٨١٨) بە بەرینترین بزاڤی نیشتەجێبوونی خێڵە عەرەبیە کۆچەریەکان دادەنرێت کەکاریگەری تەواوی هەبووە لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی

---

[٣]خلیل اسماعیل محمد ، کێشەی کورد کێشەی بوونە یان سنور ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٤ –٢٢٥ .

[٤]هەمان سەرچاوە، لا٢٢٤.

[٥]خلیل أسماعیل محمد، التعریب والتهجیر فی أقلیم کردستان العراق، المطبعة جامعة صلاح الدین ، طبعة الثاني ، أربیل ٢٠٠٢ ، ص٤.

[١]خلیل اسماعیل محمد ، رەهەندەکانی نیشتەجێبوونی عەرەب لەپارێزگای نەینەواو ......، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٥٥ –٥٦ .

پارێزگاکە کەبریتی بو لەجێگیرکردنی خێڵەکانی(جبور) لەقەزای شنگال و پارێزگاکەو قەزاکانی تلکێف و حەمدانیەو حەزەرو تەلەعفەرو شەنگار، وەجێگیرکردنی خێڵی(عگێدات) لەشەنگال و موسڵ و قەزای تەلەعفەر، وە جێگیرکردنی خێڵەکانی (شەمەر) بەلێشاو لەناوچەکانی موسڵ و رەبیعەو نێوان بەعاج و سنوری سوریاو بەعاج و حەویجە[٢].

ئەم دیاردەی ڕاگواستن و نیشتەجێ کردنی عەرەب لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و لکاندنی ویلایەتی موسل چەندەها پڕۆژەی تری نیشتەجێبوونی بەخۆوە بینی دیارترینیان پرۆژەی (جزیرە) بوو کە بەرزاییەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەلاتی جزیرەی گرتەوە، کە (١٧٤) نشینگە بۆ خێڵە عەرەبەکان دروست کرا، لەوانە بۆ خێڵی (شەمەر) کە بەناوچەکەدا دەگەڕان، وە جێگیرکردنی چەندین چادرنشینی عەرەب بەتایبەتی لەسێگۆشەی نێوان (تەلەعفەر، شەنگال، حەزەر) لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٤٥ — ١٩٥٨)، لەماوی نێوان ساڵی (١٩٥١ — ١٩٦٥) دەشتەکانی تەلەعفەرو شەنگال و باکوری حەزەر یەکەم ناوچە بوون کەپرۆسەی نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبە کۆچەریەکانی تیادا ئەنجام درا، هەر لەو ماویەەدا (٧٢٦) نشینگە دروست کران کە (٤٠٠) دانە لەنێوان حەزەرو شەنگال، (٣٦٢)دانە لەباکورو باکوری رۆژهەلاتی بەرزاییەکانی شەنگال ، وە(١٧٤)دانە لەناو خودی ناحیەی شەنگار[٣].هەر لەماوەی شەستەکاندا گوندێکی نموونەیی لەناوچەی جزیرە دروست کرا بەناوی گوندی (رەبیعە) کەزۆری پێ نەچوو گەشەی کردوو بوو بەناوەندی ناحیەی (رەبیعە) سەر بەقەزای تەلەعفەر کە ئەو ناوەندە سەرپەرشتی (٦٧) گوندی دەکرد کەخۆی یەکێك بوو لەو گوندانە، پاش ئاکامی ڕاگواستنی کورد لەگوندەکان و نیشتەجێکردنی عەرەب لەو ناوچانە، چاوێك بەئیدارەی ناوچەکەدا خشێنرایەوە دەرکەوت کە گۆڕانکاریەکی گەورە لەژمارەو دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکەدا ڕوویداوە ئەویش بەزاڵبوونی عەرەبەکان و ئەفزەڵیەت بۆ عەرەب و کەمبوونەوەی بەرچاوی کوردەکان لەو ناوچانە[٤]، لەماوەی ساڵی (١٩٧٥ — ١٩٨٧) زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن ژمارەی ئەو گوندانەی کە لەپارێزگای نەینەوا بەر ڕاگواستن کەوتن ژمارەیان (٣٤١) گوند بوو، ژمارەی خێزانە کوردەکان (٤٣١٤) خێزان بوون، ئەو شاڵاوە زۆربەی ئەو دانیشتوانەی گرتەوە کە کورد بوون[٥]، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان کرد ژمارەی گوندەکان کەمبوونەوە، هەروەها هۆکاری کەمبوونەوەیژمارەی کوردەکان لەماوەی ساڵی (١٩٧١ - ١٩٨٧) دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك: وێران کردنی گوندە کوردنشیەکان و تورکمان نشینەکان هەروەها دروستکردنی بەنداوی موسل کە چەندین گوندی خستە ژێر ئاو.لەهەمانکاتدا کۆکردنەوەی گوندە بچوکەکان لە چەند کۆمەڵگەیەکی زۆرە ملێدا کە هەزاران کەسی پێکدەهێنا[٦].

---

[٢] هەمان سەرچاوە، لا٥٨ .

[٣] بيان محمد سعيد ، سياسة التعريب في قضاء شنكال، من منشورات الأكاديمية التوعية والتأهيل الكوارد، ٢٠٠٠، ص٧٠ .

[٤] المصدر نفسه، ص٦١.

[٥] خليل اسماعيل محمد ، رەهەندەکانی نیشتەجێکردنی عەرەب لەپارێزگای نەینەواو ........ ، سەرچاوەی پێشوو ، لا٦٣ — ٦٤ .

[٦] خليل اسماعيل محمد ، ترحيل و تبعيس و تهجير في أقليم كردستا العراق ، المصدر السابق ، ص ٤ —٥ .

**ب/ به عەرەب کردن:**

زاراوەی یان چەمکی بەعەرەبکردن بریتی یە لەشێوازی نیشتەجێ کردنی تاکەکانی یان کۆمەڵەکانی عەرەب لە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی شوێنی نیشتەجێکردن بۆیان، هەروەها گۆڕینی ناوی شارو گوندەکان، گەڕەگەکانی نیشتەجێ بوون، هەروەها خوێندنگەو دامەزراوە رەسمیەکان و نیمچە رەسمیەکان بۆ عەرەبی بەئامانجی گۆڕینی ڕاستی نەتەوەیی کورد لەو ناوچەیەدا بۆ نەتەوەی عەرەب[١].سیاسەتی بەعەرەبکردن لەئاشکراترین ئەو دیاردە خراپ و قێزەونانەیە کەڕووبەرووی کورد کراوەتەوە لەپێناو زاڵبوونی نەتەوەی عەرەب لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکاندا[٢]،ئاراستەی سیاسەتەکانی حکومەتی عیراق یەك لەدوای یەك لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق هەوڵدان بوو بۆ گەڕانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان و دروستکردنی پێکهاتەی نەتەوەیی عەرەب لەو ناوچەو پارێزگایانەی، کەکورد تێیاندا زۆرینەبوو ئەویش بەهاندان و جێگیربوونی عەرەبە بەدەویەکان لەو ناوچانە لەساڵی (١٩٤٨) لەدەشتەکانی (تلعفر وسنجار) و باکوری (حضر) یەکەم ناوچەی درێژبوونەوەی کردارەکانی جێ نشینکردن و بەعەرەبکردن بوون[٣]. بەهۆی سیاسەتەکانی بەعەرەب کردنی ڕۆژ بە ڕۆژ ناوچە کوردیەکان لە پارێزگای موصڵ ژمارەیان ئەیدا لەکەمی بەهۆی ڕاگواستنیان و عەرەب ناونوسینیان، بۆنموونە کوردەکان لە ساڵی ١٩٢٢ ڕێژەیان (٣٧,٣٪)بوو لەساڵی ١٩٧٧ بوو بە(١٣,٣٪)، بەڵام عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٢٢ ڕێژەیان (٣٩,٣٪) بوو کەچی زیادی کرد بۆ (٨٥,٤٪) تورکمان (٣,٢٪) کەمی کرد بۆ (٠,٩٪)[٤].لەساڵی(١٩٢٥ – ١٩٥٨) کە سەردەمی پاشایەتی بوو لە عێراقدا حکومەت هێزی تۆکمەو توانای نەبوو بۆ بەعەرەبکردن لەم قۆناغەدا بە هێزیش هەندێك ناوچەی گرتەوە وەك ناوچەی قەراج لە موسڵ کە عەشیرەتی ( سنبس)ی بۆ هێنا لەگەل هەندێك عەشیرەتی تر.لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٦٣ کە حکومەتی کۆماری ڕاگەیەنرا دیاردەی بەعەرەبکردن لە چەند ناوچەیەکی پارێزگاکە جێبەجێکرا وەك ناحیەی زمارو قەزای شەنگال لە سنوری نێوان عێراق و سوریا گشت خێڵە کوردیەکان ڕاگواستران و عەرەبی بۆ هێنرا[٥]، لەساڵی(١٩٦٣ – ١٩٨٧) پڕ مەترسیترین قۆناغی بەعەرەب کردن بوو چونکە لەم قۆناغەدا زۆر بەتوندی و دڵ ڕەقانە سیاسەتی بەعەرەبکردن جێ بەجێ کرا توانای ماددی و سەربازی زۆری بۆ تەرخانکرا لەم ماوەیەدا زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا بەر دیاردەی بەعەرەب کردن کەوت وەك :

١- قەزای شێخان : وەك گوندەکانی (یەزیدی- دیان – کیکان)، کوردی تێدابوون ڕانەگوێزران بەڵام بەگشتی بە عەرەبکران، ئەوانی تر ڕاگوێزران و بە ئەندازەی ئەوان عەرەبیان بۆ هێنا، ناوچەی (عین سفنی) کەمەرکەزی قەزاکەیە، تەعریب کرا( ٧٠٠ ) ماڵی بۆ هێنرا، ئەتروش کە مەرکەزی ناحیەی مزریە تەعریب کرا (١٥٠ )ماڵی بۆ هێنرا .

---

[١] المصدر نفسه ، ص٤-٥.

[٢]بیان محمد سعید ، سیاسة التعریب في قضاء شنكال، المصدر السابق، ص٦١.

[٣] جەزا تۆفیق طالب ، مقویات جیوبولوتیکی للأمن القومي في أقلیم كردسستان ، المصدر السابق ، ص ٣٨٨ –٣٨٩ .

[٤] خلیل اسماعیل محمد ، ( دهۆك –نینوی ) ، المصدر السابق ، ص١٩ .

[٥]ئەمین قادر مینە، سێکوچکەی بەعسیان(تەرحیل و تەعریب و تەبعیس)، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی ، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل٢٣٦-٢٣٧.

**٢- قەزای تەلەعفەر لەدوای ساڵی( ١٩٧٥) هەموو ناوچەی زمماری سنوری ئەم قەزایە ڕاگوێزراو عەرەبی بۆ هێنرا، هەروەها بە شێکیشی لە ناحیەی ئاڤگەنی بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن کەوت.**

**٣- دانیشتوانی یەزیدی قەزای شەنگال هەمووی بەعەرەب دانران ئەگەرچی ڕاگوێزراویشن، هەروەها گشت دانیشتوانی شاری شەنگال بەعەرەبکرا[١]. عەرەبەکان لە دیاردەی بەعەرەبکردن توانیان دوو ئامانج بەدی بهێنن:-**

**١- بەعەرەب ناونووسکردنی سەرجەم ئاین زاکانی پارێزگای نەینەوا وەك یەزیدی کاکەیی و مەسیحی.**

**٢- دانانی عەشیرەتە کوردەکان وەك کیکان لەقەزای شێخان، گەرگەری لەناحیەی زمارو شەبەك لە قەزای تلکێف[٢].**

[١]ئەمین قادر مینە، سێکوچکەی بەعسیان(تەرحیل و تەعریب و تەبعیس)، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٠.

[٢]هەمان سەرچاوە، لا٢٦٣.

## دەرئە نجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەکانی پارێزگای نەینەوا گەیشتینە ئەم ئەنجام ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتین:

١- بوونی کورد لە پارێزگای نەینەوا ڕاستیەکی مێژووییە لەو دە قەزایەیی سەر بە پارێزگای نەینەوا ئەلحەزەرو شەرگات نەبێت هەشتیان کوردی تێدا دەژیت .

٢- زۆرینەی دانیشتوانی قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگال و موسڵ (دیوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە) کوردن و نیواو نیوی دانیشتوانی هەرێمی قەزاکەی ئەلحەزەر و تلکێف و تەلەعفەر کوردن هەروەها کورد لە قەزای بەعاجیش هەیە.

٣- بوونی کورد لە پارێزگای نەینەوا زۆر کۆنە هەزار ساڵ پێش ئێستا ناوی کورد لە ناوچەکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگال و موسڵ هاتووە.

٤- دروستکردنی بەنداوی موسڵ لە پێناو ژێر ئاوکەوتنی ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، ئەمەش لە پێناوی کەمکردنەوەو ڕاگواستنی کورد لەو ناوچانە.

٥- بەدرێژایی ماوەی حکومەتەکانی عێراق ڕێژەی کورد داویەتی لە کەمی و عەرەب زیادی کردووە بە تایبەت زۆرترین ڕێژەی زیادبوونی عەرەب لە ساڵی ١٩٧٧ ڕوویدا .

٦- کوردەکان ئەکەونە بەشەکانی باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، بە پێچەوانەوە عەرەبەکان دەکەونە باشوورو باشوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی پارێزگاکە .

٧- هەڵکەوتەی جوگرافی پارێزگاکە و گرنگی ئابووری پارێزگاکە هۆکارێك بووە کە کاریگەری کردۆتە سەر حکومەتی عێراق و ڕژێمی بەعسی ڕووخاو تا ئەم ناوچەیە بکاتە ناوچەیەکی عەرەبنشین .

٨- کۆچ پێکردن و ڕاگواستنی زۆری گوندنشینەکان لەناوچە کوردنشینەکان و جێگربوونی عەرەبە کۆچەریەکان لە جێگەیان .

٩- دابەشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ و لێدانی بیرو دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ عەرەبە کۆچەریەکان و تاپۆکردنی زەویەکان لەسەر عەرەبەکان، بە ئامانجی سڕینەوەی مۆرکی کوردایەتی و ڕاگواستن و دەرپەڕاندنی کوردەکان لە زێدی خۆیان.

## پێشنیار

لە کۆتایی دا بە باشی دەزانین ئەم چەند پێشنیارەی خوارەوە بەرچاوبخەین بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەنجامە خراپەکانی پرۆسەی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا .

١- گرنگی دان بەهەرچی زیاترە بەداتاو ئامارەکانی پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگای نەینەوا لە کۆنەوە تا ئێستا وەك کۆکردنەوەی ئەو داتایانە تا لەرێگەیەوە ژمارەی و رێژەی کورد بەرامبەر بە عەرەب دەست نیشان بکەین و هەموو ئەو شێواندنانەی کەلە ژمارەی راستەقینەی کوردا ڕوویانداوە ڕاست بکەینەوە .

٢- دەست نیشانکردنی هەموو ئەو ناوچەو گوندو زەوی و زارە کشتوکاڵیانەی کە لەلایەن عەرەبەکان دەستیان بەسەرداگیراوە لەسەریان تاپۆکراوە تا ئاشکرا بکرێن کە ئەوانە لە بنچینەدا هەموو هی کوردن و مافی عەرەبیان پێوە نی یە.

٣- دامەزراندنی بنکەیەك بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەنامە سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە لە پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکەدا ڕوویانداوە بە هۆکاری بەعەرەب کردن و ڕاگواستن .

٤- هەوڵدان بۆ خستنەڕووی ئەم کێشەیە بۆ بەردەوام پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان تاکو هەستن بەدیاریکردنی ناوچە ڕاگواستراوە بەعەرەبکراوەکانی ئەم ناوچەیەو دەست نیشانکردنی ئاسەوارەکان.

٥- پرسکردن و بانگێهشت کردنی پرۆفیسۆرو دکتۆرو کەسانی شارەزا لە ناوەندە بەرزەکانی بواری خوێندندا بە تایبەت لەبواری جوگرافیا تا نەخشەیەك و داتایەکی ڕاستەقینە بخەنەڕوو لەسەر ناوچە کوردیەکان و ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە و ڕاستکردنەوەی شێواندنەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم سەرچاوە کوردییەکان

أ/ کتێب

١- ئەحمەد، نوزاد علی، کێشەی ویلایەتی موصڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- ئەمین، ڕەحیم احمد، بەعەرەبکردن لەهەرێمی کوردنشینەکان (٦٣٧ -٨٤٧ز)لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – شیکاریە، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣- ئۆڤەر، میم کەمال، کۆنۆلۆژیای مەسەلەی موصڵ (١٩١٨ – ١٩٢٦ز)، و: سەلام ناوخۆش ، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

٤- تالیب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥- حداد، هاشم یاسین حمدامین و ئەوانیتر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چاپخانەی ڤینۆس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- صالح، گۆران ابراهیم، کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەی عوسمانیدا لەنێوان (١٨٧٦ – ١٩٠٩)، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٨- غەفور، عەبدوڵڵا، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠ .

٩- غەفور،عبدوڵڵا، جیۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانە: چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨.

١٠- محمد، خلیل اسماعیل، کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنورە یان بوونە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١١- میرزا، هەورامان کەمال، ململانێی لە نێوان کوردو حکومەتەکانی ئێراق(لێکۆڵنەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، چاپخانەی حەمدی، ساڵی ٢٠٠٨ .

١٢- مینە، ئەمین قادر، سیکوچکەی بەعسیان (ترحیل تەعریب تەبعیس)، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، چاپی دووەم، ساڵی ١٩٩.

١٣- ناوخۆش، سەلام، هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موصل بەعیراقی عەرەبی، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠ .

ب/ گۆڤارەکان

١- چیا، ڕاگواستنی ناوچە ستراتیجیەکانی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە (٤) ، ١٩٩٣.

٢- دەباغ، فەیصەل، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٣) کانوونی یەکەم ، ١٩٩٧.

٣- گۆران ، خسرۆ ، بوونی كورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١)، ئەیلولی ١٩٩٩.

٤- گۆران ، خسرۆ ، بوونی كورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٨) ، ١٩٩٨.

٥- گۆران خسرۆ ، بوونی كورد لەپارێزگای موصل ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٣) ، ١٩٩٩.

٦- گۆران خسرۆ، بوونی كورد لە پارێزگای موصڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە(١١)، ١٩٩٩.

٧- محمد، خلیل اسماعیل، ڕەهەندەكانی نیشتەجێبوونی عەرەب لەپارێزگای نەینەوا و كاریگەری لەسەر پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی ژمارە (١)، ٢٠٠٥.

٨- محمد، خلیل اسماعیل، نەخشەی ئیداری كوردستانی عێراق و دوورایيە نەتەوەییەكەی، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی ، مایسی ٢٠٠٠.

٩- محمد، خلیل أسماعیل، نیشتەجێبوونی كورد لەناوچە كوردە فەیلیەكان، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢) مایسی ٢٠٠٢.

١٠- نەقشبەندی، ئازاد، كێشەی موصل یان كێشەی نەوت، گۆڤاری مەتین ژمارە (٥٧)، ١٩٩٦.

**سەرچاوە عەرەبیەكان**

**أ- كتێب /**

١- الياسين ، عدنان اسماعيل ، التغير الزراعي في محافظة نينوى، الدراسة تحليلية في الجغرافية الزراعة، جامعة بغداد – بغداد، ١٩٨٤.

٢- خصباك، شاكر، العراق الشمالي - دراسة للنواحي جغرافية الطبيعية والبشرية، طبعة الأول،١٩٧٢.

٣- سعيد، بةيان محمد، سياسة التعريب فى قضاء شنكال، من منشورات اكاديمية القومية وتأهيل الكرد، ٢٠١٠.

٤- سورجى، نجم عمر، مصير ولاية الموصل، كردستان الجنوبية مابعد عام ٢٠٠٠، طبعة الأولى، السليمانية ١٩٩٨.

٥- طالب، جەزا توفيق، مقومات جيوپولتيكى للأمن القومي في أقليم كردستان، منشورات مركز كرستان للدراسة ستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.

٧- محمد، خليل أسماعيل، التعريب والتهجير في أقليم كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، طبعة الثاني، أربيل، ٢٠٠٢.

٨- محمد، خليل أسماعيل، دهوك – نينوى، دراسات الديموغرافية لسكان، منشورات مركز دراسات اللاستراتيجية ، السليمانية، ٢٠٠٥.

**رسائل الجامعية:**

١- ياقو، نبيل شمعون يوسف، الأقتصاديات حجم، محدد الأساسي للسياسة الأقليمية في التوازن المكاني لهيكل المستوطنات الحضرية أقليم دراسة نينوى ، رسالة ماجستر، جامعة بغداد ، ١٩٩٩.

**پوختەی توێژینەوەکە**

ولأتان گرنگی و بایەخی بەرچاو بە دابەشبوون و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی دەدەن ، چونکە دابەشبوون و گۆڕانکاری پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەر ولأتێکدا کاریگەری بەرچاو دەکاتە سەر بارودۆخی ولأتەکە، بەتایبەت لە ڕوانگەی سیاسیەوە هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بابەتی پێکهاتەی نەتەوەیی و گۆڕانکاریەکان ببنە جێگەی سەرنج و تێڕوانینی توێژەران بە تایبەت پسپۆڕانی بواری جوگرافیای سیاسی، پارێزگای نەینەوا وەك یەکێك لە پارێزگاکانی ولأتی عێراق لە ژێرکاریگەری ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەدرێژایی مێژووی ململانێی سیاسی و نەتەوەیی، عێراق ڕووبەڕووی دابەشبوون و گۆڕانکاریەکی بەرچاوی پێکهاتەی نەتەوەیی بۆتەوە، بەجۆرێك هەمیشە ڕووی ڕاستەقینەی ژمارەو ڕێژەی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تر شێوێنراوەو لە بەرژەوەندی عەرەب هەژمارکراوە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە پارێزگای نەینەوا بەیەکێك لە گەورەترین پارێزگاکانی عێراق دادەنرێت کە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو زۆرترین گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوەکەیدا کردوە، ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لەپارێزگاکەدا،ئەمەش بۆتە گیرو گرفتێك لەنێوان پێکهاتە نەتەوایەتیەکان و هەوڵدانی کوردەکان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو شێواندنانەی کە لەژمارەو ڕێژەی کوردەکاندا ڕوویداوە لەناوچە کوردیەکانی ئەم پارێزگایەهەر بۆیە دەرخستنی ئەو شێواندن و گۆڕانکاریانە کە لە پارێزگاکەدا لە سەر حسابی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لە بەرژەوەندی عەرەب کراوە خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی گەورەی ئەو توێژینەوەیە بۆ نەوەی ئیستاو داهاتوو.

**الخلاصة**

ان كلدول عالم تهتم اهتماما ملحوظا بدراسة التوزيع والتركيب القومي، لان التوزيع و التغيرات القومية له دور كبير هلى الاوضاع الداخلية للدولة، خاصة من ناحية السياسية،وهذا ما جذب انتباه المختصين والباحثين خاصة باحثي الجغرافية السياسية لاجراء دراسات عليه. محافظة نينوى كاحدى محافظات العراق،اصبحت ساحة للنزاع السياسي السياسي والقومي، وتعرضت المحافظة بكاملها الى تغيير ملحوظ فيتركيب السكانها وخاصة في عهد البعثيين، بحيث شوه عدد السكان الشعب الكردي والقوميات الاخرى لصالح القومية العربية.

ان اهمية هذا البحث تكمن في دراسة والبحث عن اكبر تغييرات التي حدثت في تركيب القومي لسكان ثاني اكبر محافظة في العراق من قبل الحكام حكومات العراقية المتعاقبة، وذلك بهدف تقليل وتصغير عدد سكان الكرد والقوميات الاخرى، مما ادت الى خلق اكبر مشكلة بين مكونات شعوب هذه المحافظة واصبحت عائقا كبيرا امام الشعب الكردي لتصحيح تلك التشويهات. والبحثنا هذا يعد محاولة لتصحيح تلك التشويهات والتغييرات وذلك عن طريق عرض الحقايق المتعلقة بهذا الموضوع.

## Summary

All countries take a great interest in distribution and changes of nationality structure, because distribution and changes of nationality structure impact upon internal&external situations of that country, especially in political aspect. This matter pushed the research workers of geography especially political geography concentrate in their researches on distribution and changes of nationality structure. Mosul is a second biggest governorate in Iraq; its population has been changed in such way that can be noticed clearly especially in period of the Baathes. This change cause to corrupt the balance of population in this governorate for the benefit of the Arab nation while harm to Kurd nation and became more difficult for Kurds to correction these changes and return their rights, at that time made more difficulties between Arabs and in this governorate. Importance of this research is to correct this corruption and showing the acts of the Arab Regime Authorities against the Kurds nation In Iraq like Arabization of Iraqi Kurdistan that has been adopted by the successive Arab Regime Authorities in Iraq in an accurate plan.